کەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5946) چوارشەممە 4ی ئادار 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە

جەخت لە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان کرایەوە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە بەردەوپێشبردنی زیاتری پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق کردەوە و ئامادەیی هەرێمی کوردستانیشی بۆ هەر هاوکاری و هەماهەنگییەک لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش دەربڕی بەتایبەت ئەو تاوانانەی لە دژی ئێزیدی و کرستیانەکان ئەنجام دراون.

سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 2020/3/3 سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش بە سەرۆکایەتیی بەڕێز ئەداما دیانگ راوێژکاری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە کۆمکوژی، هەروەها باسی لە دۆخی ئاوارەکان و تاوانانەکانی داعش و هۆکاری نەگەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان کرد و جەختی لە گرنگیدانی زیاتر بە مافی پێکهاتەکان لە دەستووری داهاتووی هەرێمی کوردستاندا کردەوە.


2

پۆڵەندا نوێنەرایەتییەکەی لە هەرێمی کوردستان بۆ کونسوڵخانە بەرز دەکاتەوە

2

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە یاریدەدەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد

شاندی نەتەوە یەکگرتووەکان ستایشی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم دەکات بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان



3

ئەڵمانیا مەشقەکانی بۆ هێزە عێراقییەکان ڕادەگرێ و بۆ پێشمەرگە بەردەوام دەبێت



سوپای ئەڵمانیا مەشقە سەربازییەکانی بە هێزە عێراقییەکان ڕادەگرێ و لە مەشقپێکردنی بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، بەردەوام دەبێت. بڕیارەکەی سوپای ئەڵمانیا لە ڕۆژی یەکشەممە 2020/3/1 جێبەجێکراوە و مەشقکردنی ڕاوێژکارە ئەڵمانییەکان بە هێزە عێراقییەکان بۆ ماوەی 14ڕۆژ، ڕاگیراوە. ڕاگرتنی مەشقکردن بە هێزە عێراقییەکان لەلایەن سوپای ئەڵمانیاوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنایە لە عێراق.

بەپێی هەواڵێکی مالپەڕی شەفەق نیوز، ڕاگرتنی مەشقەکانی سوپای ئەڵمانیا مەشقکردن بە هێزەکانی پێشمەرگە لە بنکەکانی مەشق لە هەولێر، ناگرێتەوە و ڕاوێژکارە ئەڵمانییەکان بەردەوام دەبن لە مەشقکردن بە پێشمەرگە. تا ئێستا 13 کەس لە بەغدا، دوو کەس لە نەجەف و دوو کەسیش لە میسان و بابل تووشی کۆرۆنا بوون.

دوای چین وڵاتانی ئێران و کۆریای باشوور و ئیتاڵیاش زۆرترین ڕێژەی مردنیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار کردووە

ڕاپۆرتی: مەریوان نەقشەندی

سەرەڕای کەمبوونەوەی ڕێژەی تووشبووان لەچاو ڕۆژەکانی سەرەتایی دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام هێشتا ئەم ڤایرۆسە هەڕەشەیەکی جدیە لەسەر ئاسایشی تەندروستی دانیشتوانی هەسارەی زەوی، لەتازەترین ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیشدا لە پاڵ ئاماژەکردن بۆ مەترسیە جدییەکانی، ئەم ڤایرۆسە ئاماژەی بە ناوی 3 وڵات کردووە کە دوای وڵاتی چین بە مەترسیدارترین وڵاتەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە و تووشبووان و مردنی هاووڵاتییان دەکات، ئەوانیش بەم شێوەیە: چین 80200 کەس تووشبوون و 2943 کەسیان مردوون، دواتر وڵاتی ئێران دێت.

زیاتر لەلاپەرە چوار بخوێنەوە

بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ڕێنمایی بە شوێنەکانی گەشتیاری دەدات و هاتنی گەشتیار و چالاکییەکانی ڕاگرتووە

بابەتێک لەلاپەرە 14 بخوێنەوە

13 مالپەڕی (تاتس) ی ئەڵمانی.. دەوڵەت زامنی یەکەمی پاراستن و هێنانەدی ئاسایشە بۆ گەلی کورد



هاتنی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێم زیادی کردووە

دەزگای خێرخوازیی بارزانی: پێشبینی دەکرێ ژمارەیەکی زۆرتر پەنابەر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن

2



7

پۆرترێتێک بۆ محێدین قادر شێخانی


وادەی دیاریکراو بۆ بەستنی پێوەری ئاو کۆتایی هاتووە



6

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە

جەخت لە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان کرایەوە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئێزیدی و کرستیانەکان ئەنجام هەروەها باسی لە دۆخی ژیانیان کردەوە و داوای لە داعش و بینینی قوربانیانی دەستی داعش و کەسوکاریان، کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوانەکان و دادگاییکردنی تاوانباران پێشکەشکرد. شاندەکە هەوڵ و ڕۆڵی هەرێمی کوردستانیان لە حەواندنەوەی ئاوارەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەوان و ڕێخۆشکردن بۆ تیمە نێودەوڵەتییەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش، بەرز نرخاند.

هەروەها باسی لە دۆخی ئاوارەکان و تاوانەکانی داعش و هۆکاری نەگەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان کرد و جەختی لە گرنگیدانی زیاتر بە مافی پێکهاتەکان لە دەستووری داهاتووی هەرێمی کوردستاندا کردەوە.

لای خۆیەوە شاندی میوان پوختەیەکیان دەربارەی ئامانجی سەردانیان بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، سەردانی مەیدانییان بۆ ناوچەی شنگال و دەڤەرە تاوانەکان لە عێراق کە ئاسانکاری بۆ تیمە نێودەوڵەتییەکان بکات، مسۆگەرکردنی پێکەوەژیان و ئاشتبوونەوە و بنیاتنانەوەی متمانە و پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان لە چارەسەرکردنی ئەم کەیسانەدا، گرنگیدان بە بابەتەکانی پێکەوەژیان و لێبوردن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا لە عێراق، بەشێکی زۆری عێراقییەکان ڕێگریان گرت لە زیاتر قووڵبوونەوەی گرژییەکانی عێراق بەوەی ڕێگەیان نەدا حکوومەتی نوێ لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئەو جێگایانەی بەر لێشاوی وێرانکاری بۆیەوە لەکاتی داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە.

کونسوڵی گشتیی، دۆمینیک میشاڵ خۆشحاڵی خۆی ڕاگەیاند کە حکوومەتی پۆڵەندا بڕیاریدا نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرز بکاتەوە بۆ کونسوڵخانەی گشتیی و ئەمەش مەترسی بۆ سەر ئارامی و سەقامگیری بە تایبەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئەو جێگایانەی بەر لێشاوی وێرانکاری بۆیەوە لەکاتی داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە.

کونسوڵی گشتیی پۆڵەندا سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و ڕایگەیاند وڵاتەکەی بڕیاری بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتیی لە هەرێمی کوردستان داوە.

دۆمینیک میشاڵ کونسوڵی گشتیی پۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پێشوازی کرا. دواین پێشهاتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان لەسەر کرا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی باروودۆخەکی ئێستای عێراقی بە هەستیار ناوبرد و گوتی: عێراقییەکان لەبەردەم دووڕێیانێکی مێژوویین و دەبێت بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵسوکەوت بکەن. جێگای خۆشحاڵییە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا تاوانەکان لە عێراق کە ئاسانکاری بۆ تیمە نێودەوڵەتییەکان بکات، مسۆگەرکردنی پێکەوەژیان و ئاشتبوونەوە و بنیاتنانەوەی متمانە و پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی داعش لە عێراق، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە وەزیران و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، هەردوولا لەسەر بەشداریکردنی پێکهاتەکان لە دەسەڵات و دەرخستنی یاسای تاوانەکان و هێنانە سەرکار و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە بەشداری هەموو پێکهاتەکان و بەبێ ترس و هەڕەشە.



پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون بۆ ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی لە کۆرۆنا دەکات

بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارە خۆپارێزییەکان بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دوێنێ سێشەممە 2020/3/3 شاندێکی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی د. سەباح زێباری سەرۆکی لیژنە و ئەندامیەتیی بڕیاردەر و ژمارەیەک لە ئەندامانی لیژنەکە، سەردانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێری کرد. شاندی لیژنەکەی پەرلەمان لەگەڵ بەرپرسانی فرۆکەخانەکە کۆبوونەوە بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە هەنگاوەکانی پشکنین و خۆپارێزییەکان ئەو ڕێوشوێنانەی کە گرتوویانەتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە لایەن خۆیانەوە ستافی کارگێڕی و تەندروستیی فرۆکەخانەکە ئامادەیان بەوە کرد کە هەر گەشتیارێکی بیانی یان هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان لە هەر وڵاتێک بگەڕێتەوە ئەوا پشکنینی پلەی گەرمیی بۆ دەکرێت و لە ئەگەری هەبوونی هەر گومانێک ئەوا دەنێردرێتە بەشی کەرەنتین و هاوکات ئەو گەشتیارانەی لە هەردوو وڵاتی چین و ئێران دەگەڕێنەوە کە زۆرترین ڕێژەی تووشبووان و قوربانیانی ڤایرۆسەکە لەم دوو وڵاتەن ئەوا ڕاستەوخۆ دەنێردرێنە بەشی کەرەنتین و دەخرێنە ژێر چاودێری و پشکنینی وردیان بۆ دەکرێت. بەشێکی تری گفتوگۆکان تایبەت بوون بە کەموکوڕی لە ئامێر و کەلوپەلی خۆپارێزی بۆ پزیشکان و کارمەندان، لەمبارەیەوە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکەی پەرلەمان ئامادەیان بەوەکرد لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی زۆرترین پێداویستیی خۆپارێزی، هەروەها سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونی پزیشکان و کارمەندان و ستافی کارگێڕیی نەخۆشخانەی فرۆکەخانەکەیان کرد بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان بەم شێوازە.



هاتنی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێم زیادی کردووە

هەژمارکردنی هاتنی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوامە و ڕۆژانەش نزیکەی 100 کەس بە ڕێگای نایاسایی ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئاڵۆزییەکانی سووریاکە هۆکارێکە بۆ ئاوارەبوون و زیادبوونی ڕێژەی هاتنی پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان.

لە ماوەی مانگێکدا ڕێژەی هاتنی پەنابەرانی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان لە سەدا 16 زیادی کردووە، لە مانگی یەکی ئەم ساڵدا 1200 پەنابەری تازە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو و لە مانگی دووشدا ڕێژەکە بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە و 1412 کەس گەیشتوونەتە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.

هەژمارکردنی خێرخوازیی بارزانی ڕاشیگەیاند: ڕۆژانە ژمارەی هاتنی پەنابەرانی نوێ لە هەڵکشاندایە و پێشبینی دەکرێ لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەگەڵ بەردەوامی ئاڵۆزی و گرژییەکانی ناوچەکە و بە تایبەتی لە سووریا، ژمارەیەکی زۆرتر پەنابەر هەوڵبدەن لە ڕێگەی نایاساییەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن.

سێیەمین شەپۆلی هاتنی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێککەوتی 14ی ئۆکتۆبەری ساڵی پارەوە دەستپێکردووە و هەتا کۆتایی مانگی دووی ئەمساڵ 21,460 کەس لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێ کراون.

پۆڵەندا نوێنەرایەتییەکەی لە هەرێمی کوردستان بۆ کونسوڵخانە بەرز دەکاتەوە

دۆمینیک میشاڵ: پۆڵەندا بەردەوام دەبێ لە هاوکاری و هەماهەنگییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان



کوردستانی کرد بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتەکەی و دوای بەردەوامیی کرد. هۆشیار سیوەیلی جەختی کردەوە کە ئێمە وەکو پارتی ئامادەی هەموو هاوکاریەکین لەپێناو بەردەوپێشچوون و بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و گەلی پۆڵەندا، سوپاسی گەل و حکوومەتی پۆڵەنداشی کرد بۆ ئەو هەنگاوە و هیوای خواست ئەمە ببێتە سەرەتایەکی نوێ و کاریگەرتر لە پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی و سیاسی و پەروەردەیی و کولتووریەکان لەنیوان هەردوو گەلدا و بەڵێنی بەردوامیشی دا. بەشێکی دیکەی ئەو دیدارە باسی لە بارودۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە بە گشتی کرا و دووپاتیانکردەوە پێویستە ئەو ئاڵۆزییانە ساردبکرێنەوە و ڕێگای دانوستان بگیرێتەبەر بۆ کۆتایی هاتنی نەهامەتییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی گەشەسەندنی و سەقامگیری کە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایە.

کونسوڵی گشتیی پۆڵەندا سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و ڕایگەیاند وڵاتەکەی بڕیاری بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتیی لە هەرێمی کوردستان داوە.

دۆمینیک میشاڵ کونسوڵی گشتیی پۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پێشوازی کرا. دواین پێشهاتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان لەسەر کرا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی باروودۆخەکی ئێستای عێراقی بە هەستیار ناوبرد و گوتی: عێراقییەکان لەبەردەم دووڕێیانێکی مێژوویین و دەبێت بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵسوکەوت بکەن. جێگای خۆشحاڵییە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا تاوانەکان لە عێراق کە ئاسانکاری بۆ تیمە نێودەوڵەتییەکان بکات، مسۆگەرکردنی پێکەوەژیان و ئاشتبوونەوە و بنیاتنانەوەی متمانە و پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی داعش لە عێراق، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە وەزیران و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، هەردوولا لەسەر بەشداریکردنی پێکهاتەکان لە دەسەڵات و دەرخستنی یاسای تاوانەکان و هێنانە سەرکار و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە بەشداری هەموو پێکهاتەکان و بەبێ ترس و هەڕەشە.

فارس عیسا: زەحمەتە کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی عێراق ڕاسپێردرێت

دوای شکستهێنانی محەمەد عەللاوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە بەغدا دەڵێ، بە یەکگوتاریی کوردی لەگەڵ ئەو لایەنانەی تری عێراق ڕێگە لە تاکڕەویی خۆسەپاندن لە حکمڕانی گیرا، ئەگەرەکان زیاتر ئەوەیە حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی وەک حکوومەتی ڕاگوزەر لە پۆستەکەیدا بێنێتەوە.فارس عیسا، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پاش ئەوەی محەمەد تۆفیق عەللاوی شکستی هێنا لە پێکهێنانی حکوومەت و نەیتوانی پشتیوانیی شەقامی عێراقی و حزبەکان بەدەست بهێنێت، بەرنامەیەکی ناتەندروستی هەبوو، لە لایەن شەقام و حزبەکانەوە قبوولکراو نەبوو، تۆپەکە لە ڕووی دەستوورییەوە لە ساحەی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراقە، دەبێت لە ماوەی 15ڕۆژی تردا شەخسێکی تر ڕابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکوومەت یان ئەوتا حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بەردەوام بێت تا کاتی هەڵبژاردن.

فارس عیسا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: بە یەکگرتوویی کورد لە بەغدا تواندرا پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی هەرێمەکەمان بکرێت و غرووری لایەنی پێکهێنەری حکوومەت بشکێندرێت، کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم لەگەڵ فراکسیۆنەکانی کورد و حزبە سیاسییەکان وای کرد لە پرسی پێکهێنانی حکوومەت یەکگوتار بین و وەزیرانی کورد و جێگری سەرۆکوەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و فراکسیۆنەکانی کوردستان، پێوەندیی پتەویان هەبوو لەگەڵ ئەو لایەنە عێراقیانەی بۆچوونیان لێیمان نزیک بوو و بە یەکەوە توانیمان پارێزگاری لە بەرژەوەندیی گەلانی عێراق بکەین، بۆ ئەوەی شەخسێک نەیەت تاکڕەوانە حکمڕانی بکات. نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ئەگەر یەکڕیزیی کورد بەردەوام بێت، ئەوە هیچ کەس و هێزێک نییە بتوانێت حیساب بۆ کورد نەکات و بیەوێت هەنگاو بەسەر قەوارەی دەستووریی کوردستاندا بنێت، ئەو ڕەتکردنەوەی محەمەد تۆفیق عەللاوی شکستپێهێنان و وانەیەکی باش بوو بۆ هەر لایەک کە بیەوێت خۆی بە فریادڕەس نیشان بدات، دەبێت ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق بەشدار بێت لە داڕشتنی سیاسەت و حکمڕانیی وڵاتدا شەریک بێت، تەسەور ناکەین لە دوور و نزیک شەخسێکی تر ببیر لە ئەفکارەکانی عەللاوی بکاتەوە و زۆر کەسیش لە بەغدا هەن کە پێیان خۆش نییە کورد یەکڕیز و یەکگرتوو بێت.

فارس عیسا گوتیشی: کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێم و حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەنگاوی باش بوون بۆ دۆست و نەیار کە ئێمەی وەک کورد یەکگرتووین و هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان دەنێین، دەبێت قورسایی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن، تەجروبەیەکی زۆرباشیش بوو بۆ خۆمان. ناوبراو پێ وایە کابینەی عادل عەبدولمەهدی تا کاتی هەڵبژاردنی گشتیی عێراق بەردەوام دەبێت، چونکە زەحمەتە کەسێک دیاری بکرێت بۆ پێکهێنانی حکوومەت کە شەقام و حزبە شیعەکان و مەرجەعییەت و پێکهاتەکانی تری عێراق و ئەمەریکا و ئێران لەسەری ڕەزامەند بن، بۆیە ئێمە پێمان وایە عادل عەبدولمەهدی و حکوومەتەکەی لە باشترین حکوومەتەکانی عێراق بوو، ئێستاش سەرۆکوەزیران ڕۆژێکی بۆ هەڵبژاردن دیاری کردووە و وەک حکوومەتێکی ڕاگوزەر تا هەڵبژاردن بەردەوام دەبن.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/3/4 ژمارە (5946)
خەبات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە یاریدەدەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد

شاندی نەتەوە یەکگرتووەکان ستایشی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم دەکات بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان



دوێنێ سێشەممە 2020/3/3 راوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە جینۆساید و کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان سەرۆکی تیمی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش .

لە دیدارەکەدا جەخت لە گرنگیی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان کرا بۆ ڕێگریکردن لە جینۆسایدو و کۆمەڵکوژییەکان و بە تایبەتی تاوانەکانی داعش، هەروەها گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی هەماهەنگی لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان کرا بۆ بەدۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی داعش و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا بە سزای یاسایی بگەن و مافی قوربانییەکانی دەستی تاوانەکانی داعشیش بپارێزرێت .

شاندی نەتەوە یەکگرتووەکان ستایشی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ پاراستنی مافی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان و پەرەپێدانی کولتووری بەیەکەوژیانی ئاشتیانەی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا.

د. دێندار دۆسکی: سەرۆک بارزانی هەرزوو دەیزانی بەو تاکڕەویە حکوومەتی عێراق پێک نایەت

هەڵوێستی سەرۆک بارزانی لەبارەی شکستهێنان بە کابینەی تاکڕەوی حکوومەتی عێراق دەنگدانەوەی لێکەوتەوە و وەزیرێکی پێشووی حکوومەتی عێراقیش پێی وایە، سەرۆک بارزانی هەرزوو دەیزانی بەو تاکڕەویە حکوومەتی عێراق پێک نایەت.

دکتۆر دێندار دۆسکی، وەزیری پێشووی حکوومەتی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتی عێراق بەهۆی تاکڕەویی هەندێ لایەنی عێراقی سەری نەگرت و دەیانویست حکوومەتێکی مەزهەبی لە عێراق پێک بێنن، بەڵام لە ئەمە لە کاتێکدایە کە بڕیار بوو حکوومەتێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق پێک بهێنرێت، کەچی بەرەو ئاقارێکی دیکەیان برد.



ئەو وەزیرەی پێشووی حکوومەتی عێراق گوتی: شەقام و لایەنە سیاسیەکانی عێراق لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوەختدان. سەرۆک بارزانی بۆ تێپەڕاندنی کێشەکانی ئێستای عێراق چەندین جار جەختی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن کردووەتەوە، بەڵام ڕەوشەکە گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و چارەسەرکردنی کارێکی ئەستەمە.

لەبارەی هەڵوێستی سەرۆک بارزانی لەبارەی پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی عێراق دکتۆر دێندار دۆسکی دەڵێت: سەرۆک بارزانی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەوە نەبوو بەو شێوازە تاکڕەویە حکوومەت لە عێراق پێک بێت، چونکە پشتگوێخستنی دوو پێکهاتەی سەرەکیی کورد و سوننە بە ئاسانی تێناپەڕێت، سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا سوپاسی یەکەهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کرد. دۆسکی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: عێراق کەوتووەتە بۆشاییی دەستوورییەوە، حکوومەتی کاربەڕێکەر تەنیا یەک مانگە، واتە 30 ڕۆژ، بەڵام نەیانتوانی لەو ماوەیەدا حکوومەت پێک بێنن، لەبەر ئەوەش، ئێستا عێراق لە بۆشاییی دەستووریدایە و سەرۆکوەزیرانی دەستلەکارکێشاوەش دەیەوێ ئەو بەرپرسیاریەتە لەسەر خۆی لابەرێت.

ئاڵنگارییەکانی حکوومەتەکەی برا گەورە



د.مەیادە نەجار

زیاتر لە شەش مانگە کابینەی نۆیەم بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی هاتووەتە سەرکار، پڕۆژەی چاکسازی بووەتە واقیع و ماوەیەکی کەمیش ماوە بەرکار بکرێت، داهاتی ناوخۆییش لە 150 ملیارەوە هەڵکشاوە بۆ 300 ملیار، تەنیا لە هەڵمەتی بڕینی کارەبای دزراو و زێدەڕۆیی تێدا کرا و تەنیا لە هەوڵێر وەک پارێزگار رایگەیاند لە ماوەی مانگێکدا نزیکەی یەک ملیار و نیو دیناری عێراقی گەڕاوەتەوە، پرسی مۆنۆپۆڵکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و نەوت و گاز لەسەر کەسان و کۆمپانیای دیاریکراو بە جدی کار بۆ نەهێشتنی کراوە و کێشەی غازی چەند ڕۆژەی هەوڵێر و دهۆک دەرهاویشتەی ئەو هەنگاوە بوو کە حکوومەت بەو ئاراستەیە هاوێشتی، هەموو ئەو کار و هەنگاوانە بە یەک ئاراستە و ئامانجە وەک سەرۆکی حکوومەت لە کارنامەکەیا رایگەیاند: هاووڵاتی میحوەری کارەکانمان دەبێت.

ئەو کابینەیە ئاڵنگاری زۆری لەپێشە، وەک باس دەکرێت هاتووەتە سەر 26 ملیار قەرز کە بەهۆی بڕینی بوودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان لەلایەن بەغداوە دروستبووە، هێشتاش مەترسییەکانی داعش کۆتاییان نەهاتووە و مەترسییەکانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە لە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەرەوە کەڵبەیان تیژ دەکەنەوە تا خراپتر لە داعش بە کوردستانیان بکەن، لەو دووانەش خراپتر، کەسانێک هەن لە پەنای ناوی ڕۆژنامەوانی و ئازادیی ڕادەربڕینەوە بۆ بەرژەوەندیی دەرەکی و لە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان چڕنوک و کەڵبەیان لە هی دوژمنان تیژترە و هەر دەرفەتیان هەبێت گاز لە پاژنەی دەستکەوتەکان دەگرن و کار بۆ لاوازکردنی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکەن.

کاتێک پاشای ئوردن، کە یەکێکە لە یاریکەرە سەرەکی و کاریگەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە خۆی و جێنشینەکەی لە پێشوازیی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بن و دەربارەی ئایێندەی ئەو ناوچە گرنگەی جیهان پرس و ڕاوێژی لەگەڵ بکەن، چاوەڕوانکراوە، ئەوانەی چاویان بەرایی نادا و ناخوازن بەهێزبوونەوەی هەرێمی کوردستان ببین، بە هێنانەوەی هەندێک پرسی سواو و بەباکردنەوەی کۆنە کا هەوڵ بدەن لەو دەستکەوتە گرنگانەی هەرێمی کوردستان و گەلەکەی کەمبکەنەوە. قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووریییەوە خەریکە پێگەی بەهێزی خۆی لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا وەردەگرێتەوە، لە بەرانبەریشدا دەبینین ئەو وڵاتە و لایەنانەی بۆ سڕینەوەی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان، هاوپەیمانییەتیان دروستکردبوو، خەریکە هاوپەیمانییەتیەکەیان لەبەر یەکهەڵدەوەشێتەوە و لە ناوخۆشیاندا بەدۆخێکدا کەوتوون، کەس ئیرەییان پێ نایات.

ئاڵنگارییەکانی بەردەم کابینەکەی مەسرور بارزانی زۆرن و جدین، بەڵام هەنگاوەکانیش بە ئاراستەی دروست و بەهێزتربوونی کوردستان ڕۆدترن و لە کۆتاییشدا هەر ڕاستەقینە و کاری باش و مرۆڤی باش دەیباتەوە.

پەرلەمانتاریکی پارتی: لەم وەرزەدا فراکسیۆنی پارتی ژمارەیەک پڕۆژە ئامادە دەکات لە بەرژەوندیی گشتیدا بن

هەندێک پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت لەم وەرزەی یاسادانانی پەرلەمانداڕ ئاراستەی پەسەندکردنی پڕۆژە یاساکان دەگۆڕێت و زیاتر گرنگی بە پڕۆژەکانی حکوومەت و ئەو پڕۆژانە دەدرێن کە لە بەرژەوەندیی گشتیدا بن.

چیا حەمید شەریف، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت لەم وەرزەی یاسادانانی پەرلەمانداڕ ئاراستەی پەسەندکردنی پڕۆژە یاساکان دەگۆڕێت و زیاتر گرنگی بە پڕۆژەکانی حکوومەت و ئەو پڕۆژانە دەدرێن کە لە بەرژەوەندیی گشتیدا بن.

گوتیشی: لەم وەرزە گرنگی بەو پڕۆژە یاسایانە دەدات لە بەرژەوەندیی گشتیی هاوواڵتیان و خزمەتگوزاری بن، بە تایبەت گرنگی بە پڕۆژەکانی حکوومەت دەدات. ئەو پەرلەمانتارە، گوتیشی: فراکسیۆنی پارتی ژمارەیەک پڕۆژە ئامادە دەکات کە لە بەرژەوندیی گشتیدا بن بۆ ئەم وەرزە گۆڕانکاری دەکات.

گوتیشی: لەم وەرزەدا جەخت لە گرنگیی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان کرا بۆ ڕێگریکردن لە جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان و بە تایبەتی تاوانەکانی داعش، هەروەها گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی هەماهەنگی لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان کرا بۆ بەدۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی داعش و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا بە سزای یاسایی بگەن و مافی قوربانییەکانی دەستی تاوانەکانی داعشیش بپارێزرێت .

شاندی نەتەوە یەکگرتووەکان ستایشی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ پاراستنی مافی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان و پەرەپێدانی کولتووری بەیەکەوژیانی ئاشتیانەی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا.

ژمارەیەک بارهەڵگر بەبێ پشکنین لە مەرزی سۆمارەوە بردراونەتە مەندەلی

هاوکات لەگەڵ مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، بە فەرمانی بەرپرسێکی گرووپێکی میلیشیا شیعەکان بێ پشکنین، ژمارەیەک بارهەڵگری سەرداپۆشراو لە ئێرانەوە هێنراونەتە مەرزێکی سنووری مەندەلی و لەوێشەوە دەهێنرێتە ژوورەوە.

سەبتی مەندەلاوی، بەرپرسی کۆمیتەی حزبی شیووعی کوردستان لە شارۆچکەی مەندەلی، ڕایگەیاند: بە فەرمانی قەیس خەزعەلی زیاتر لە 20بارهەڵگری گەورەی سەرداپۆشراو بێپشکنین و لە مەرزی سۆمارەوە لە سنووری مەندەلییەوە هێنراونەتە ژوورەوە و کەسیش نازانێ چی تێدایە و بۆ کوێ دەبرێت.



گوتیشی: ئێمە زانیاریی وردمان هەیە کە بە فەرمانی قەیس خەزعەلی ، ئەمینداری گرووپی میلیشیاکانی ئەهلی حەق ئەو بارانە دەهێنرێن و هیچ کەسێکیش لەو مەرزە ناتوانێ بەدواداچوون و پشکنینی بۆ بکات. ئەو بەرپرسەی حزبی شیوعی ئامارۆی بۆ ئەوەش کرد: بەداخەوە حکوومەت هیچ ڕۆلێکی نییە لەو مەرزە، لەکاتێکدا مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا وا پێویست دەکات لە مەرزەکانەوە ڕێوشوێنی تەندروستی و خۆپارێزی بگیرێتە بەر.

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان: کاندیدی پۆستی سەرۆکی وەزیرانی عێراق پێویستی بە کۆدەنگی لایەنە سیاسییەکانە

خەبات: عەلی بانیشاری- هەولێر

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت هەر کەسێک کاندید بکرێت بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق پێویستی بێ کۆدەنگی لایەنە سیاسییەکان ناتوانێت سەرکەوتوبێت و دەنگی پێویست لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەدەست ناهێنێت.

مونا قەهوەچی دەڵێت: ناکرێت کەسێک بکرێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق و گوێ بۆ داواکاری و خواستی لایەنەکان نەگرێت، چونکە کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە و لێکترازانی زیاتر لەناوچەکەدا ڕوودەدات.

دوای ئەوەی محەممەد تۆفیق عەللاوی نەیتوانی لە ماوەی دەستووریی دیاریکراودا حکوومەتەکەی پێکبهێنێت، یەکی ئەم مانگی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە ڕاسپاردنی کابینەکەی ڕاگەیاند و سەرۆک کۆماریش دەستلەکارکێشانەوەکەی قبوولکرد. بەگوێرەی مادەی 76 لە دەستووری عێراق سەرۆک کۆمار دەست بە ڕاوێژکردن دەکات بۆ ڕاسپاردنی کەسێکی دیکە لە ماوەی 15 ڕۆژدا تا کابینەی حکوومەت پێکبهێنێت.

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: ئەو کەسەی کە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕادەسپێردرێت دەبێت دەست بە گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بکات و پاڵپشتی لایەنەکان مسۆگەر بکات، چونکە کوتلەکانی نێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نوێنەرایەتی لایەنە سیاسییەکان دەکەن، ئەگەر لایەنەکان ڕەزامەند نەبن لەسەر کاندیدەکە ئەوا ئەندامانی پەرلەمان ئامادەنین لە ڕۆژی دەنگدانەوا بچنە هۆڵی پەرلەمان، ئەوەش وا دەکات کاندیدەکە لە پێکهێنانی کابینەکەی سەرکەوتوو نەبێت.

مونا قەهوەچی ئەوەشی گوت: پاڵپشتی نەکردنی کورد و سوننە و بەشێک لە لایەنە شیعەکان وایکرد محەممەد تۆفیق عەللاوی لە پێکهێنانی کابینەکەی شکست بهێنێت، چونکە عەللاوی لە ماوەی ڕاسپاردنیدا ئامادەی گفتوگۆی جدی نەبوو، تەنانەت بەرکەوتەی هەڵبژاردنیشی لەبەرچاو نەگرتبوو. زیاتر گوتی: عەللاوی پێشتر لەسەر بنەمای حزبی پۆستی وەزیری لە حکوومەتی عێراقدا وەرگرتووە، خۆی باش دەیزانی ئەوەی دەستی داوەتێ بەناوی حکوومەتی سەربەخۆ و کەسانی بێ لایەن ئەنجامەکەی شکست دەبێت.

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کورد لایەنێکی سەرەکییە لە حکوومەتی عێراقدا و پشتکردن لە خواستی کورد و گۆڕینەگرتن بۆ داواکارییەکانی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە پێکهێنانی حکوومەتدا هەڵەیەکی گەورەیە و ئەنجامەکەی باش نابێت.

مونا قەهوەچی هەروەها گوتیشی: کاندیدی داهاتوو بۆ پێکهێنانی حکوومەت بێ کۆدەنگی کورد و سوننە و شیعە سەرکەوتوو نابێت و پەرتەوازەی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی ناوچەکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و عێراق ڕووبەڕووی هەڵدێر دەکاتەوە.

هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی بۆ خەبات :

بە سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانی یەکەمین کۆبوونەوە کرا و لەو کۆبوونەوەیەشدا نەخشەی ڕاپەڕین داڕێژرا

لە ڕاپەڕیندا پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان جەماوەری و پێشمەرگەدا هەبوو



خەبات: بەرهەم شێخ عزەدین

بە بۆنەی ساڵیادی ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان کە شاری ڕانیە یەکەم وێستگەی ئەو هەڵستانەوە جەماوەری و شۆڕشگێڕییەی خەڵک و بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، خەبات بۆ یادکردنەوەی ئەم یادە پڕ لە سەروەرییەی جەماوەری کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، هیوا گەیلانی، پێشمەرگەی شاخ کە لە ڕاپەڕیندا لە ریزی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا چووەتە ناو شاری ڕانیە و ئێستاش بەرپرسی لقی11ی پارتییە، باس لە ڕۆڵی سەرۆک بارزانی و پارتی و جەماوەری کوردستان دەکات، گەیلانی سەبارەت بە ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە ڕاپەڕیندا دەڵێ: سەرۆک بارزانی خاوەنی بیرۆکەی ڕاپەڕینی جەماوەری سەرتاسەری بوو و ئەندازیاری جێبەجێکردنیشی بوو، بەشێوەیەکی مەیدانیش پێشەنگ و سەرقافلەی ڕاپەڕین بوو بە حوکمی ئەوەی سەرۆکی بەرەی کوردستانی و فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بوو.

خەبات: گەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژانی پێش ڕاپەڕین یان سەرەتای ڕاپەڕین، دەپرسین ڕاپەڕین چۆن ڕوویدا و یەکەم شۆڕشیش کە ڕانیە بوو چۆن بووە؟

هیوا گەیلانی: ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی پێش ڕاپەڕین، کوردستان و گەلەکەی لە بارودۆخێکی ناهەموار دابوون، پێنج هەزار گوند لەگەڵ زەمین تەخت کرابوو، پرۆسەی ئەنفال ئەنجام درابوو 182 هەزار کەس لەلایەن جەنابی سەرۆک بارزانییەوە سەرۆکایەتیی دەکرا. کەوتە زنجیرەیەک کۆبوونەوە بۆ خۆئامادەکردن بەمەبەستی ئەگەرە پێشبینیکراوەکان و یەکەمین کۆبوونەوەش بە سەرۆکایەتیی جەنابی سەرۆک بارزانی لەنێوان مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی کرا و نەخشەی ڕاپەڕین داڕێژرا، دواتر جەنابی سەرۆک سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و خوالێخۆشبێت کاک نەوشیروان مستەفای کرد لە قاسمەڕەش و بە نووسین پلان و نەخشەی ڕاپەڕین نووسراوە و خرایە سەر کاغەز و ڕۆڵەکان دابەشکران و ئەم هەنگاوانە هاوێژران:

1-پەیوەندیکردنەوە بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار و دروستکردنی شانەی چەکدار.

2-پەیوەندیکردن بە کەسایەتییە دیار و شۆڕشگێڕ و کوردپەروەرەکان لەلایەن جەنابی سەرۆک بارزانییەوە سەدان نامە لە سەرتاسەری کوردستانەوە ئاڕاستەی کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و نووسەر و هونەرمەندان کرا و داوایان لێکرا ئامادەسازی بکرێت بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریی جەماوەری.

3-وەک و نیازپاکییەک بەرانبەر سوپای عێراق، ژمارەیەک ئەفسەر و سەربازی عێراقی کە لە لای هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستبەسەربوون، ئازادکران، لە هەمانکات دا بانگەوازێک ئاڕاستەی سوپای عێراق کرا کە لەکاتی ڕاپەڕینی جەماوەری دا شەڕی خەڵک نەکەن و تسلیمی پێشمەرگە بن.

4-ئێزگەی دەنگی کوردستان کاراترکرا و کەوتە خۆیندنەوەی بانگەواز و پەیام و هاندانی خەڵک.

5-ژمارەیەک مەفرەزەی پێشمەرگە بە جیهازەوە ڕەوانەی ناو شارەکان کرانەوە، ئەمانە و زۆر هەنگاوی دیکەش کە دەتوانم بڵێم ئامادەسازی تەواو کرابوو بۆ ڕاپەڕین.

ئەو کات ڕانیە یەکەمین شارۆچکەی سەر سنوور بوو کە ئاوەدان بوو، نزیک بوو لە هێزی پێشمەرگە، بۆیە بڕیار درا ڕاپەڕین لەوێوە دەستپێبکات، 7/ 3دیاری کرابوو بۆ ڕۆژی دەستپێکردنی ڕاپەڕین، بەڵام جەماوەری کوردپەروەری سنوورەکە و ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار بە هاوکاری مەفرەزەکانی ناو شار و کۆمەک و هاوکاری ئەو کەسانەی بەناو چەکداری ڕژێم بوون، بەڵام پەیوەندییان پێوە کرابوو نامەی جەنابی سەرۆک بارزانی و حزبەکانیان پێگەیشتبوو لە 3/5 ڕاپەڕینیان دەستپێکرد و شاری ڕانیەیان ئازاد کرد.

خەبات: یەکەم مەفرەزە کە گەیشتنە لای جەماوەر و ڕانیە کێ بوون؟

هیوا گەیلانی: بارەگای ئێمە واتا لیژنەی ناوچەی قەڵادزێی پارتی لە (گۆڕێشێری) سەر سنوور بوو، دەکەوێتە بەرانبەر شێنێ و ئەو ناوچەیە، پێشتر مەفرەزەیەک بە جیهازەوە نارد ڕابووە کۆمەڵگەی حاجیاوا، لە ڕێگەی ئەوانەوە ئاگامان لە دەنگوباس و جموجۆڵی ناوشار هەبوو، هەرزوو خۆمان ئامادەکرد و هێزەکانمان لە چوارچێوەی مەفرەزی بچووک ڕێکخست، ئەو هێزی ئێمە بە فەرمانی شەهید (بایز پیرۆت ڕەزگەیی) دەستی بە حەرەکەت کرد بۆ ئەوەی بۆ حەوتی مانگ لە دەوروبەری شاری ڕانیە بین، سەرەتا هاتینە بەردقەڵ و دواتر هێزەکانی یەکێتیش کە وابزانم بە فەرماندەیی حەسەن کوێستانی بوون، لە بەردقەڵ کۆبوونەوە و دوای ڕاوێژ و گفتوگۆیەکی زۆر، دوای ئەوەی کە دووجار خەڵکمان نارەد لای هێزەکانی ڕژێم لە گۆجارِ تا تەسلیم بن، ئەوان ڕەفزیان کرد تەسلیم بن، بڕیاری بەرەی کوردستانیش بوو کە هەوڵ بدرێ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم ڕوو نەدات، ئێمە پەلەمان بوو بگەینە ڕانیە، نەوەستاین تا ئەوان تەسلیم دەبن یان نا، بەهۆی ئەوەی خەڵکی ناوچەکە بووین و شارەزییەکی تەواوی ناوچەکەمان هەبوو، هەرزوو لە ڕێگەی گوندەکانی ئەڕکە و شناوە خۆمان گەیاندە پشتی تەمە کە پێی دەڵێن (قورەبەقاڵ)، کۆمەڵێک زۆرەوە سەیری پێشمەرگەیان دەکرد و پەیوەندیی نێوانیان لە لووتکە دابوو. میکانیزمی هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان سەرەتا لەلایەن چەند لیژنە و ئەنجوومەنێکەوە کە لەناو شارەکان لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕێکخستنە نهێنییەکانی هەموو حزبەکان دروستکرابوون، ڕێکخرا دواتر هەر شاروشارۆچکەیەک ئازاد دەکرا، بارەگای بەرەی کوردستانی تێدا دەکرایەوە، بۆ ئیدارەدان و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان هێزی پێشمەرگە و جەماوەر.



خەبات: ڕۆڵی بەرەی کوردستانی چۆن هەڵدەسەنگێنی لەو سەردەمەدا و یەکدەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی قەبارەی خۆیان لە ڕووی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستن و جەماوەرەکەیانەوە بەشداریان تێدا کردووە. ئەو هەماهانگی و یەکڕیزیە حەماسەتی زیاتری دەدا بە جەماوەر و چین و توێژە جیاجیاکان و سەرکەوتنەکانی نزیکتر و مسۆگەرتر دەکرد، من لە یادەمە کە جەنابی سەرۆک داخلی ڕانیە بوو، خوالێخۆشبێت کاک نەوشیروانی لەگەڵدا بوو، تا ماوەی چەند ڕۆژێک هەر بە یەکەوە دەگەڕان و جەولەیان دەکرد و خەڵکیان دەبینی، یەکڕیزیەکە بەو ڕادەیە بوو.

خەبات: ڕۆڵی جەنابی سەرۆک بارزانی لە ڕاپەڕیندا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

هیوا گەیلانی: نەخێنی سەرکەوتنی ڕاپەڕین یەکدەنگی و یەکڕیزی حزبەکان بوو لەو سەردەمەدا، ئەو یەکدەنگی و یەکڕیزەش لە بەرەی کوردستانیدا خۆی دەبینیەوە کە لەسەر ئاستی کوردستاندا لەلایەن جەنابی سەرۆک بارزانییەوە سەرکردایەتیی دەکرا و لەسەر ئاستی دەرەوەش لە لایەن خوالێخۆشبێت مام جەلال سەرۆکایەتیی دەکرا. بۆیە دەتوانین بڵێین ڕاپەڕین لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی بەرەی کوردستانی و بە سەرۆکایەتیی جەنابی سەرۆک بارزانی ئەنجام درا و هەموو ڕۆبەیەی ڕژێمی لێ بوو، ئەوانەمان کۆنترۆڵ کرد و دواتر شۆڕبووینەوە بۆ تەمە و لە وێشەوە بۆ کۆزینەوە سەرەنجام نیوە شەو گەیشتینە ژاراوە، واتا چوارڕیانی ژاراوە. لەوێوە بە سەیارە ئێمەیان بردە ڕانیە. لە یادمە چەند سەیارەک لە ژاراوە چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، لە یادمە هەڤاڵێک بە ناوی شەمال ئەحمەدە کۆل کە سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانمان بوو، کۆستەری پێ بوو، هاتبوو بە دوامانداو ئێمەش لەگەڵ ئەودا سەرکەوتین، شەوی 6/3 وەک و یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگە داخلی ڕانیە بووین.

خەبات: پەیوەندیی پێشمەرگە و خەڵک لەو سەردەمەدا چۆن بوو، میکانیزمی هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان چۆن ڕێکخرابوو؟

هیوا گەیلانی: بۆ پەیوەندییەکی زۆر پتە و ڕۆحی لەنێوان پێشمەرگە و خەڵکدا هەبوو . خەڵک بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی حزبەکانی کوردستان بەپێی قەبارەی خۆیان لە ڕووی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستن و جەماوەرەکەیانەوە بەشداریان تێدا کردووە. ئەو هەماهانگی و یەکڕیزیە حەماسەتی زیاتری دەدا بە جەماوەر و چین و توێژە جیاجیاکان و سەرکەوتنەکانی نزیکتر و مسۆگەرتر دەکرد، من لە یادمە کە جەنابی سەرۆک داخلی ڕانیە بوو، خوالێخۆشبێت کاک نەوشیروانی لەگەڵدا بوو، تا ماوەی چەند ڕۆژێک هەر بە یەکەوە دەگەڕان و جەولەیان دەکرد و خەڵکیان دەبینی، یەکڕیزیەکە بەو ڕادەیە بوو.

خەبات: ڕۆڵی جەنابی سەرۆک بارزانی لە ڕاپەڕیندا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

هیوا گەیلانی: نەخێنی سەرکەوتنی ڕاپەڕین یەکدەنگی و یەکڕیزی حزبەکان بوو لەو سەردەمەدا، ئەو یەکدەنگی و یەکڕیزەش لە بەرەی کوردستانیدا خۆی دەبینیەوە کە لەسەر ئاستی کوردستاندا لەلایەن جەنابی سەرۆک بارزانییەوە سەرکردایەتیی دەکرا و لەسەر ئاستی دەرەوەش لە لایەن خوالێخۆشبێت مام جەلال سەرۆکایەتیی دەکرا. بۆیە دەتوانین بڵێین ڕاپەڕین لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی بەرەی کوردستانی و بە سەرۆکایەتیی جەنابی سەرۆک بارزانی ئەنجام درا و هەموو ڕۆبەیەی ڕژێمی لێ بوو، ئەوانەمان کۆنترۆڵ کرد و دواتر شۆڕبووینەوە بۆ تەمە و لە وێشەوە بۆ کۆزینەوە سەرەنجام نیوە شەو گەیشتینە ژاراوە، واتا چوارڕیانی ژاراوە. لەوێوە بە سەیارە ئێمەیان بردە ڕانیە. لە یادمە چەند سەیارەک لە ژاراوە چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، لە یادمە هەڤاڵێک بە ناوی شەمال ئەحمەدە کۆل کە سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانمان بوو، کۆستەری پێ بوو، هاتبوو بە دوامانداو ئێمەش لەگەڵ ئەودا سەرکەوتین، شەوی 6/3 وەک و یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگە داخلی ڕانیە بووین.

خەبات: پەیوەندیی پێشمەرگە و خەڵک لەو سەردەمەدا چۆن بوو، میکانیزمی هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان چۆن ڕێکخرابوو؟

هیوا گەیلانی: بۆ پەیوەندییەکی زۆر پتە و ڕۆحی لەنێوان پێشمەرگە و خەڵکدا هەبوو . خەڵک بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی

حزبەکان بەپێی قەبارەی خۆیان بەشداربوون لە ڕاپەڕینی کوردستاندا

حزبەکان لەسەر ڕاپەڕین و بەشداریکردنی ڕاپەڕین لە چ ئاستێکدابوو ؟

هیوا گەیلانی: سەرۆک بارزانی یەکێکە لەو سەرۆک و سیاسەتمەدارە دەگمەنانە کە لەپێش ڕووداوەکان، پێشبینی ڕوودانیان دەکات، هەموومان وتارە مێژوییەکەی جەنابی سەرۆکمان گوێ لێ بووە کە لە خواکورک پێشبینی گۆڕانکاری گەورەی کرد لە ناوچەکەدا، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرۆک بارزانی خاوەنی بیرۆکەی ڕاپەڕینی جەماوەری سەرتاسەری و ئەندازیاری جێبەجێکردنیشی بوو، بەشێوەیەکی مەیدانیش پێشەنگ و سەرقافلەی ڕاپەڕین بوو بە حوکمەی ئەوەی سەرۆکی بەرەی کوردستانی و فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بوو.

لە ڕاپەڕیندا سەرەتا یەکەمین مەفرەزەی پارتی چووە ناو ڕانیەوە

دوای چین وڵاتانی ئێران و کۆریای باشوور و ئیتاڵیاش زۆرترین ڕێژەی مردنیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار کردووە



ئێران.. زیاتر لە 20 پەرلەمانتار تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون

تەلەڤیزیۆنی فەرمی ئێران بڵاویکردەوە، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، عەبدولڕەزا میسری ئەوەی ئاشکراکردووە کە تا ئێستا، 23 پەرلەمانتار تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. عەبدولڕەزا میسری تیشکیشی خستووەتە سەر ئەوەی کە ئەو پەرلەمانتارانە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ خەڵک هەبووە و پێدەچێت هەر لەو ڕێگەیەشەوە تووشی ڤایرۆسەکە بووبن. ناوبراو ئەوەشی ئاشکراکردووە کە پەرلەمان بەردەوام دەبێت لە کار و چالاکییەکانی و تەنها بەشێوەیەکی کاتی، چاوپێکەوتنی پەرلەمانتاران لەگەڵ هاووڵاتییان هەڵدەپەسێردرێت.


ئەمە لە کاتێکدایە، تا ئێستا 66 کەس لە ئێران بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و هەزار و 501 حاڵەتی تووشبوونیش تۆمارکراون، ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەت و کەسایەتییە ئایینییەکان لەنێو تووشبوانی کۆرۆنادان.



ڕاپۆرتی ژ مەریوان نەقشبەندی سەرەڕای کەمبوونەوەی ڕێژەی تووشبووان لەچاو ڕۆژەکانی سەرەتایی دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام هێشتا ئەم ڤایرۆسە هەڕەشەیەکی جدیە لەسەر ئاسایشی تەندروستی دانیشتوانی هەسارەی زەوی، لەتازەترین ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیشدا لە پاڵ ئاماژەکردن بۆ مەترسییە جدییەکانی، ئەم ڤایرۆسە ئاماژەی بە ناوی 3 وڵات کردووە کە دوای وڵاتی چین بە مەترسیدارترین وڵاتەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە و تووشبووان و مردنی هاووڵاتییان دەکات، ئەوانیش بەم شێوەیە: چین 80200 کەس تووشبوون و 2943 کەسیان مردوون، دواتر وڵاتی ئێران دێت لە ژمارەی زۆری مردن بەم ڤایرۆسە کە تا ڕۆژی سێشەمە 3/3 حەفتا و حەوت کەس لە تووشبووان گیانیانلەدەستداوە، کە ژمارەیەک گەورە بەرپرس و پەرلەمانتاریشی تێدا بووە، هەر دوێنێ سێشەمە وەزارەتی ناوخۆی ئێران بڕیاری داوە کە نزیکەی 57 هەزار کەس لە زیندانیانی وڵاتەکەی بە هەندێ کەرەنتی و ئیجرائاتی ئەمنییەوە بە مۆڵەت بنێرێتەوە بۆ ماڵەوە، چونکە پاراستنیان لەم ڤایرۆسە لەناو زیندانیدا زەحمەتە و دەیەوێ قەرەبالغی زیندانەکان کەمبکاتەوە، بەڵام ئامادەی بۆ ئەوەشکرد کە زیندانی سیاسی و ئەو زیندانیانە ناگرێتەوە کە تیرۆر و جاسوسی و تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە. هەر دوێنێ لە ئێران هەواڵی مردنی یەکێک لە یاریدەدەرەکانی عەلی خامەنەئی گەورە مەرجەعی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاگەیەندرا.

سەبارەت بە سێیەم زۆرترین ڕێژەی مردن بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سێ وڵاتە مەترسیدارەکەی جیهان، وڵاتی ئیتاڵیایە کە هەتا دوێنێ 52کەسی تێدا مردووە، دوای ئەویش کۆریای باشوور دێت کە دووەم وڵاتە دوای چین لە ژوریی تووشبووانی هاووڵاتییانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و چوارەم وڵاتی جیهانە لەڕووی ڕێژەی مردنی تووشبووانی، بە جۆرێک لە کۆی 5186 تووشبوو بەم ڤایرۆسە تا دوێنێ 28 کەس مردوون، دوای ئەم وڵاتانەش هەریەکە لە ژاپۆن و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا و سەنگافورە و هۆنگ کۆنگ و ئەمەریکا و کوێت و بەحرەین دێن. لە یەکێک لە کەشتییە گەشتیاریەکانیشدا 6 کەس مردوون، لە هەرێمی کوردستانیش ڕێوشوێنەکان بۆ ڕێگریکردن لە زیادبوونی ژمارەی تووشبووان لە پارێزگای سلێمانی گیراونەتەبەر و لەلایەن سەرۆکی یەکە ئیداریەکانی سەرجەم پارێزگاکان و وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆ و ئەوقاف و سەرجەم وەزارەت و دامودەزگاکانی حکوومەتەوە ڕێوشوێنی جۆراوجۆر گیراوەتەبەر کە گرنگترینیان کەمکردنەوەی دەوام و ڕێگەگرتن لە قەرەباڵغی لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر ڕێوشوێنی تەندروستی دیکە کە زۆربەیان لە چوارچێوەی خۆپارێزیدان لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا .

مالّی غاندی و مالّی بارزانی



شەنگە هاوارکاکەیی*

سەردەمی رابردوو کە توانی لە رێگەی ناتوندوتیژی میللەتێک لە هێزی داگیرکەری بەریتانی رزگار بکات لە نەهامەتی و قاتوقڕی و برسێتی لە رێگەی کۆمەڵێک ستراکتەری مەعنەوی بەهێز لە فەلسەفەی ناتوندوتیژی و لەوێناوبەرجەستەبوونی دارشتنی سیاسەتێکی بەهێزی ئابووری، هەر غاندیش بوو ئافرەتانی فێری رستن و چنین و دروستکردنی ملپێچ کرد بۆ ئەوەی لە مالّەکانی خۆیان فێری سەربەستی ئابووری بن، بۆیە سەردانی مالّی ئەو رابەرەی ئینسانییەت غاندی و بە پۆشینی ویشاحی سپی لەپێش تەوری چنینی غاندیدا، کە دەرکەوت سەرۆکی زلهێزترین وڵات یاداشتی خۆی لە یاداشتامەی دەفتەری مالّی غاندی نووسی بەو هیوایەی کەوا مرۆڤایەتی زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەروونی بکات، چونکە هەموو جیهان لە دڵەڕاوکێی فەنابوونداِ ئەمرۆ دڵی بە ئازارە.

هەڵبەتە لە فیکری تازەدا ئیرادەیەکی داڕێژراو هەیە کە گوزارشت لە بەرەنگاری تونددوتیژی دەکات لە فیکری غاندی و تولّستۆی و ڤۆلتێر و دەیان بیرمەندی تر کە کۆکراوانەتەوە لە سەنگی دەروازەی فەلسەفەیەک کە ناسراوە بە فەلسەفەی ناتوندوتیژی، کە بۆ خزمەتی رێڕەوی ئینسانییەت ئەلف و بێی داڕێژراوە.

ئێستا کە مرۆڤەکان پێویستییان بە پاڵنەرێکی مەعنەویە بۆ ئەوەی دەستبەرداری دڵەڕاوکێکانی بن، دەبێ لەم دەستپێکەدا سیاسەتمەداران بیر لە دارشتنی فەلسەفەی ناتوندوتیژی بکەنەوە و لە قاڵبە کۆنەکەدا رزگاری بکەن و لە قاڵبێکی نوێدا داڕێژن و گرنگە بۆ ئەم ئامانجەش بیر لە هەموو نایەک بکەنەوە کە مرۆڤ بە بچووک دەبینێ و دەیچەوسێنێتەوە. ئێستا مرۆڤایەتی و گەردوونیش کە بەم ڤایرۆسە کوشندەیەوە سەرقاڵە، پێویستیان بە بردەوانی ئەم فەلسەفەیە هەیە وەکو نەخشەڕێگەیەکی بەرەنگاربوونەی خودەکی بەدەر لە دژە ڤەکسین و ڤیتامین سی و کەمامەی بازرگانیی بەهێزکردنی مەناعەتی ناوەوەی مرۆڤ.

لە راستیدا دانیشتنی سەرۆک تەرمپ لەبەردەم تەورێزی چنینی غاندی دانانی ملوانکە گوڵینە لەسەر وێنەی غاندی بێگومان مەغزای خۆی هەیە! لە روانگەی ئابووری و سیاسییەوە هەڵگری دەیان ڕامانن، بەڵام ئاشکراترینیان بڕەودانە بە فەلسەفەی ناتوندوتیژی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی کە بە نەبوونیان مرۆڤایەتی بە دەست ڤایرۆسێکی بچووکەوە دەنااڵێنێت.

لە سۆنگەی دارشتنی سیاسەتی دادپەروەرانە لە هەموو جیهان دەبوایە رێڕەوی ناتوندوتیژی بۆ دونیایەکی ئارام و دادپەروەر، تۆڕێنەوە و لێکۆڵینەوەکان رووگەیان بەو ئاراستەیە بووایە، نەک بە بیردۆزەکانی سەرمایەداری و سۆشیالیستی یا کەمالی سیاسەتێکی ئاینی و تەسیسێکی ئاینی کە ئەمڕۆ جیهانی مرۆڤایەتییان خستووەتە ئاقارێکی تاریکی و کۆیلایەتی و پەتای سەردەم و سۆشیالی.

ئەوەی جێگەی سەرنجە پەیڕەوانی ناتوندوتیژی خەڵکی ئەو دێیەی کەوا رابەری ئینسانییەت تیایدا لەدایکبووە، هاوواڵتییانی تا ئەم چرکەساتەیش جگەرە ناکێشن و ئەم دیاردەیە قەدەغە کراوە، وەکو کولتوورێکی نەگۆڕ و هەرگیز کەس نابینینی لە نەوەکانی پاشی غاندیش جگەرە کێش بن، لە سنووری ئەم لادێیە. چونکە غاندی جگەرەکێشانی قەدەغە کردبوو، ئەم ڕەفتارە جوانەی سەرۆکی هیندستان بوو بە کولتوورێکی بەرەنگاری بۆ ئەو ڤایرۆسانەی کە هێرش دێنن بۆ سیبەکانی مرۆڤ کە مەترسی کەمتر نییە لە ڤایرۆسی کۆرۆنای سەردەم.

کەواتە با هەمووان ناتوندوتیژ بین و لەم مەحفەلەدا رووبکەینە رووگەی ئینسانییەتەوە، هەر چەندە بۆ ئێمەی کورد ئەم نەهجە تازە نییە، چونکە رێبەری نەتەوەیی کورد مەلا مستەفای بارزانی ئەم رێڕەوەی بە کردەوە داتاشی و لە دێی بارزانیش کە ژینگەدۆستن تا ئەمڕۆ مرۆڤ و ئاژاڵ لەو ژینگە تەندروستە مالّیان ئارامە، ئەم ئارامییە بەربەلاوەش هۆکاری تەشەنەبوونی دروستکاری بۆ رۆڵی گەورەیی ئەو سەرکردەیەمان دەگەڕێتەوە کە چەندین ساڵە نەوەکانی هەوڵ دەدەن ژیانمان بە سەوزایی و پاک و تەمیزیدا سەوز بکەن.

ئەوەی ماوە بێلێین خۆزگەیەکی سیاسیانەیە، کە خۆزگە ترەمپ و میلانیای هاوسەری بەخاکیەتی دێی بارزان ئاشنا دەبوون و ئەوسا دەگەیشتنە قەناعەت، کە هێزی گەردوون سازگاری لە ناخی مرۆڤی کوردی کە چەکەرەیە بە بەرەنگاریی پێویستی بە نووسینی یاداشتی ترەمپە.

*** ماستەر لەیاسای گشتی لە زانکۆی حیکمە بەیروت**



یۆنان.. گرووپە راستڕەوەکان بوونەتە مەترسی لەسەر ژیانی کۆچبەران

دوای ئەوەی تورکیا سنوورەکانی کردەوە و رێگەی بە پەرینەوەی کۆچبەرانی نایاسایی دا، لە ئێستادا کۆچبەران ڕووبەڕووی مەترسییەکی نوێ بوونەتەوە کە بریتیە لە پەلامارێ گرووپە راستڕەوە یۆنانییەکان. لەم چوارچێوەیەشدا ئەو گرووپە راستڕەوانە بۆ ڕێگریکردن لە هاتنی کۆچبەری زیاتر، ڕێگاکانی سەر کەمپەکانیان داخست. ئەم کارەش وای کردووە نزیکەی سەد کۆچبەر کە ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵیشیان لەنێودایە نەتوانن بچنە ناو دووركەوە و ماوەی چەند ڕۆژێکە لە کەشوهەوایەکی زۆر سارددا و لە کەنار دەریا دەمێننەوە. ئەو کۆچبەرانە لە پەلامار و تووندوتیژی گرووپە راستڕەوەکان دەترسن و ناتوانن بەرەو کەمپەکان بڕۆن. پێشتریش گرووپە راستڕەوەکان هەوڵی ڕێگریکردن لەو کۆچبەرانەیان دا کە لە تورکیاوە بەرەو دوورگەی لیسبۆس بەڕێ کەوتبوون و تەنانەت هێرشیان کردە سەر ڕۆژنامەنووسێکیش کە دەیویست ڕووماڵی تووندوتیژییەکانیان بکات.

سووریا باڵیۆزخانەی لیبیای لە دیمەشق ڕادەستی گرووپەکەی خەلیفە حەفتەر کرد

ڕژێمی بەشار ئەسەد باڵیۆزخانەی لیبیای لە دیمەشقی پایتەختی سووریا کردەوە و ڕادەستی حکوومەتی کاتی سەر بە خەلیفە حەفتەر کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا دانی پێدا نەنراوە، کردووە. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ماوەی هەشت ساڵ بوو بەهۆی خراپبوونی ڕەوشی ناوخۆی سووریاوە، باڵیۆزخانەی لیبیا لە دیمەشق داخرابوو.

ئاژانسی هەواڵیی سانا باڵوێکردەوە کە باڵیۆزخانەی لیبیا لە دیمەشق ڕادەستی حکوومەتی کاتی سەر بە خەلیفە حەفتەر کراوە، ئەویش دوای هەردوولا لە دیمەشق یاداشتنامەکی لێکتێگەیشتنیان بۆ دووبارە کردنەوەی باڵیۆزخانەکان لە هەردوو وڵات واژووکرد. لەگەڵ واژووکردنی یاداشتنامەکەدا، ڕژێمی بەشار ئەسەد بوو بە یەکەم لایەن کە دان بە حکوومەتەکەی خەلیفە حەفتەر دا دەنێت کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا دانی پێدا نەنراوە. حکوومەتی تەبایی نیشتمانی لیبیا لە تەرابلوس بە سەرۆکایەتیی فائز سەراج بە حکوومەتی شەرعی لەو وڵاتە دادەنرێت، چونکە خاوەن دان پێدانانی نێودەوڵەتییە.

بەهۆی کۆرۆناوە سامانی 500 سەرمایەدار بە 444 ملیار دۆلار کەمیکردووە



بەهۆی ئەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ژمارەیەک وڵاتی جیهان بەشێوەیەکی بەرچاو باڵاووبوونەتەوە لە مامەڵەکانی کۆتا هەفتەی ڕابردوودا، سامانی 500سەرمایەدار بە 444 ملیار دۆلار کەمیکردووە. لەئێستاشدا جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا "Kovid-19" لە 60 وڵات باڵاووبوونەتەوە کە بە هۆیەوە لە مامەڵەکانی کۆتا هەفتەی ڕابردوودا، بازاڕەکانی جیهان زیانێکی زۆریان کردووە.

بەپێی ڕووپێوبینەکی ئاژانسی ئاناداۆلّو کە پشتبەستن بە لیستی بلومبێرگ تایبەت سەرمایەدارانی جیهان باڵاوکراوەتەوە ئامارژە بەوەکراوە کە بەهۆی ئەو ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ژمارەیەک وڵاتی جیهان بەشێوەیەکی بەرچاو باڵاووبوونەتەوە لە مامەڵەکانی کۆتا هەفتەی ڕابردوودا، سامانی500 سەرمایەدار کە کۆمپانیاکانیان لە کەرتی تەکنەلۆجیا کار دەکەن، بە 444 ملیار دۆلار کەمیکردووە. لە لیستەکەدا ناوی دامەزرێنەری کۆمپانیای ئامازۆن، جیف بیزۆس لە ریزبەندی یەکەمدا هاتووە کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە مامەڵەکانی کۆتا هەفتەی ڕابردوودا، سامانەکەی بە11 ملیار و 900 ملیۆن دۆلار کەمیکردووە و لە 116 ملیار دۆلار جێگیربووە.

هەروەها سامانی دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، بیل گەیتس هەر بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە کۆتا هەفتەی ڕابردوودا، بە یەک ملیار و 580 ملیۆن دۆلار کەمیکردووە و لە 109 ملیار دۆلار جێگیربووە.

ئامارژە بەوەیشکراوە کە هەر بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە کۆتا هەفتەی ڕابردوودا سەرمایەداری فەرەنسی و دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی گرووپی "لویس ڤیتۆن"، بێرنارد ئارنۆڵت سامانەکەی بە نۆ ملیار و 140 ملیۆن دۆلار کەمیکردووە و گەیشتووەتە 89 ملیار و 100 ملیۆن دۆلار.

لە لیستەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە هەر بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە کۆتا هەفتەی ڕابردوودا، سەرمایەدار و دامەزرێنەری گرووپی کۆمپانیای هیندی ریلیناس بۆ وزە، موکیس ئەمبانی بە دوو ملیار و560 ملیۆن دۆلار زیانی کردووە و دوای خۆشی نەوەکەی کە دامەزرێنەری کارگەی مارس-ە بۆ شیرینەمەنی و چۆکلێت، جاکلین مارس بە دوو ملیار و 70 ملیۆن دۆلار زیانی بەرکەوتوو.

جێی باسە لە 12ی کانوونی یەکەمی 2019دا لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبای ڕۆژهەلاتی چین جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزرایەوە و بەخێرایی بۆ شارەکانی دیکەی چین تەشەنەی کرد، زۆربەی وڵاتانیش هاوواڵتییەکانیان لە چین گواستەوە و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش دۆخی لەناکاوی ڕاگەیاند.



نووری بێتخاڵی

دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم..
ئەو مالّەی (نێچیرڤان بارزانی)
دەیەوێ هەمووان تیایدا خانەخوێ بن

بۆ ئەوەی حزب و هێزە سیاسییەکانمان بۆ خۆیان و هاووڵاتیانیشمانی بسەلمێنین، کە دونیابینیان لە ئاستی هەڵوێست و گوفتار و ڕەفتاردا، نەتەوەیی و نیشتمانییە و لە خەمی بەرژەوەندیی گشتی دان. پێویست دەکات بیرکردنەوەیان لەو ژەنگی ئایدیۆلۆژییە پاک بکەنەوە، دەستبەردارى ئەو کورتبینییە سیاسییە بن و بەدگومانی و متمانەنەکردنیان بە هەموو شتێک، بەلاوە بنێین، کە لە بەرامبەر هەموو هەوڵ و هەنگاوێک لە پەیوەست بە مامەڵەی نێوانیان، بەتایبەتیش لە پرۆسەی سیاسی و دروستکردنی بڕیار لە هەرێمی کوردستاندا، هەیانە.

ڕوون و ڕاشکاوتر بڵێین: دەبێ هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بۆ جارێکیش بێت، بگەنە ئەو بڕوا و تێگەیشتنەی، کە دەکرێ لەناوخۆدا یەکڕیز و جیاواز بن و لە عێراقیش یەکڕیز و کۆک و تەبا بن. پێویستیش ناکات لێرە هەویری ئەو بابەتی سازان، یان دیموکراسییەتی تەوافوقییە بشێلین، کە ئاوێکی زۆری دەوێت. بەوەی چۆن لە عێراق بەرمەبنای سیبانەی (هاوبەشیی ڕاستەقینە، هاوسەنگیی و سازان) نەبێت، ناچنە ناو پرۆسەی سیاسی، ئاواش لە هەرێمی کوردستاندا و بە هەمان پێشمەرج و بنەما، سەردەر لەگەڵ بەشداریی سیاسیدا بکەن.

هەر چاوخشاندنێکی خێرا بە پەرتووکەکەی (ئارنت لیبهارت) بەناوونیشانی (دیموکراسییەتی تەوافوقی)، بەسە بۆ ئەوەی، حزب و هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان تێ بگەن، کە هاوکێشەکە لە عێراق و هەرێم، بە هەمان تەرازوو ناکێشرێت، بەتایبەتیش ئەگەر لەو پێشمەرج و بنەمایانە، تەنانەت ئەزموونەکانی دونیاش، کە (لیبهارت) دەربارەی دیموکراسییەتی تەوافوقی ئاماژەی پێ داون و جەختی لەسەر کردوونەتەوە، ورد بینەوە و ڕەهەندەکانی شەنوکەو بکەین.

با، ڕەنگە لە پەیوەست بە مامەڵەی نێوان کورد و پێکهاتە ئیتنی و نەتەوەییەکانی تری هەرێمی کوردستان (کلدۆ ئاشوور سریان و تورکمانەکان) و ڕۆڵیان لە بەشداریی سیاسی و لە دروستکردنی بڕیاردا، کەم و زۆر پێویست بکات دەسەلاتی سیاسیی بچێتە ژێر باری ئەو پێشمەرج و بنەمایانە، بەڵام لەناو خودی کورد خۆی و لەنێوان هێزە سیاسییە کوردستانییەکانیدا، ئەوە نەک هەر خۆڵکردنە چاوی خەڵک و لینگەوقووچ کردنەوەی چەمکەکاکان و ڕەهەندەکانیانە، بەڵکوو کۆمێدیایەکیشە بۆ خۆی!

ئەوەی لە گوتار و کردار، هەنگاو و هەڵوێست، نیاز و مەبەستی (نێچیرڤان بارزانی- سەرۆکی هەرێمی کوردستان)دا دەبینرێ و دەخوێندرێتەوە ئەوەیە، کە نەک هەر خوزایارە، بگرە ئامانجی لەپێشینەیەتی و کاری جیددیش بۆ ئەوە دەکات، دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، وەک بااڵترین دەسەلاتی جێبەجێکردن، مالّی هەمووان بێت بەبێ جیاوازی، چەترێک بێت و هەمووان لە سایەیدا پاریزراو بن و خۆیان بە خاوەنی بزانن. ئەمەشی لە چەند مانگی ڕابردوودا و لە پەیوەست بە ئاشتەوایی ناوخۆ و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی بەردەم کورد لە بەغدا، بە کردار سەلماندووە. کۆبوونەوەی ڕاوێژکارییەکانی، بە ئامادەبوونی کەسی یەکەمی تەواوی حزبەکانی هەرێمی کوردستان (ئەوانەی ناوەوە و دەرەوەی حکوومەت)، بۆ ئەوەی لە ئاستی کوردستان و عێراقدا، هەرێمی کوردستان خاوەنی یەک گوتاری سیاسی و بڕیارێکی یەکگرتوو بێت و هەمووان بە جیاوازیی دونیابینی و سەنگ و قورسایی و پێگەیان لەناو پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، ڕۆڵیان لە دارشتنی بڕیاردا هەبێت، زیندووترین بەڵگەن لەسەر ئەم نیازپاکییەی.

تەنانەت بە گەواهیی هەموو سەرکردە یار و نەیارەکانی حزبەکەی (پارتی)، لە ڕاگرتنی بااڵنسی پەیوەندیی نێوان هێزەکان، هەروەها لە دووریی و نزیکیی بە یەک مەسافە لەگەڵ هەموو هێز و پێکهاتەکاندا، نێچیرڤان بارزانی سەرکردەیەکی سەرڕاست و ڕاستگۆیە. بەو واتایەی، کارکردن لەپێناو یەکڕیزیی نیشتمانیی، قوواڵکردنەوەی گیانی بەیەکەوەژیان و کارکردن، لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پرەنسیپ و مۆراڵە، نەک چاوباشقاڵێ و ئیدارەدان. بەرپرسیارێتیی و ستراتیژە، نەک مانۆڕ و تاکتیک. ئەم نیازپاکیی و سەرڕاستییەی سەرۆکی هەرێم، لە هەموو هێزە سیاسییەکان دەخوازێت، هاوکار و پشتیوانی کارنامەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم بن، بەوەی کە خۆی لە بەردەم دۆزی نەتەوەیی (کورد) و نیشتمانیی (کورد و پێکهاتەکان) بەرپرسیار دەزانێت و بە هەموو توانا و لە هەموو کەنالەکان کار بۆ ئەوە دەکات، هەمووان لە دەوری ئەو مالّە کۆببنەوە و هەموویشیان خۆیان بە خاوەنی بزانن. چونکە ئەو وەک بەرکەوتە و زێدەمافیی (ئیستیحقاق و ئیمتیاز)ای هەڵبژاردن مامەڵە لەگەڵ دامەزراوە و پۆستەکە ناکات، بەقەد ئەوەی هەموو ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە سەرۆکایەتیی هەرێم بێتە مالّی هەمووان. بە کوردی و بە کورتی: وەک ئەوەی دوای شەڕێکی خوێناویی ناوخۆی کورد لە شاخ، ڕەوانشاد (ئیدریس بارزانی) بووە ئەندازیاریی ئاشتی و هەموو لایەنە شەڕکەرەکانی، لەسەر سفرە و لەژێر چەتری (بەرەی کوردستانی) کۆکردەوە. پێویستیشە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، کە ئێستا لە هەر کاتێک زیاتر هەرێمی کوردستان وەک دیفاکتۆیەک، کە بەری خوێنی ڕووبارێک شەهید و فرمێسک و تراژیدیاکانی جینۆساید و کیمیابارانە، لەبەردەم ئاڵنگاری و هەڕەشەی ناوخۆیی و عێراقی و هەرێمایەتیی دایە، کۆمەکی زیاتری (نێچیرڤان بارزانی) بکەن و دەستباری بن، بۆ ئەوەی بە درێژەدان بەو میراتەی باوکی، بۆ دواجار ئاوێک بەو ئاگری ناکۆکییە ناوخۆییانەدا بکات، ناکۆکی و مللمانێکان بکاتە هێزی بەرەنگاربوونەوەی ئاڵنگارییەکان و دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمیش ببێتە مالّی هەمووان، بەجۆرێک هەمووان تیایدا خانەخوێ بن، نەک میوان!

بەمەبەستی خستنەڕووی کێشە و گیروگرفتە هەنووکەییەکانیان بەرپرسی لقی 16 پێشوازی لە ژمارەیەک هاونیشتمانی گەڕەکی ریفراندۆم کرد



بەمەبەستی خستنەڕووی کێشەو گیروگرفت و پێداویستییە هەنووکەییەکانیان و دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ تەواوی هاوڵاتیانی سنوورەکەیان ، ژمارەیەک لە هاونیشتمانیانی گەڕەکی ریفراندۆم لە شارۆچکەی کەسنەزان بەنوێنەرایەتی تەواوی خەڵکی گەڕەکەکە سەردانی بارەگای لقی16ی یان کرد و لەلایەن بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و دکتۆر شاڵاو مەلا ئەمین خۆشناو کارگێڕی لق بەگەرمی پێشوازیکران. لەمیانی سەردانەکەیاندا شاندی میوان وێرای سوپاس و پێزانینی زۆریان بۆ بەرپرسی لقی16ی هەولێر کە بەردەوام لەخەمی تەواوی هاوڵاتیانی سنوورەکە دایە کێشەو گیرورگفت و پێداویستییە هەنوکەییەکانی گەڕەکەکەیان و ئەو ئاستەنگانەیان خستەڕوو کەبوونەتە لەمپەر لەبەردەم باشتر بەڕێوەچوونی کار و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ خەڵکی گەڕەکەیان .لەبەرامبەردا بڵند ئیسماعیل ئامادەیی خۆی و لقی16ی هەولێری دەربڕی بۆ هاوکاریکردن و بەدواداچوونی تەواوی کێشەو گیروگرفت و جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ خەڵکی گەڕەکەو سەرجەم هاونیشتمانیانی سنوورەکە کە ئەمە بە ئەرکی سەرەکی خۆمان دەزانین و لەم ڕوەشەوە هیچ کاتێک دریغی ناکەین.

وادەی دیاریکراو بۆ بەستنی پێوەری ئاو کۆتایی هاتووە



مەسعود محمد کارەش، بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ ڕاشیگەیاند: وادەی دیاریکراو بۆ بەستنی پێوەری ئاو کۆتایی هاتووە و تا ئێستاش هیچ بڕیارێک نییە بۆ درێژکردنەوەی وادەکە و پێویستە ئەو هاوواڵتییانەی تا ئێستا ئەو پێوەرەیان نەبەستووە، پێوەرەکە ببەستن، بەپێچەوانەوە مانگانە سزای دارایی دەدرێن.

ئاو، بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوار سەبارەت بە بەستنی پێوەری ئاو، ڕایگەیاند: تا ئێستاش نزیکەی 70%ی هاووڵاتییان پێوەرەکەیان بەستووە و هیچ بڕیارێکیش بۆ درێژکردنەوەی ماوەی بەستنی پێوەری ئاو نییە.

سەبارەت بە کۆتایی وادەی دیاریکراو بۆ بەستنی پێوەری ئاو و ئاوەڕۆ، مەسعود کارەش ڕوونکردنەوە لەبارەی نرخی ئاو دەدات و دەڵێت: نرخی بەکارهێنانی ئاو بە مەتر سێجایە و بۆ ماڵان نرخێکی هەرزان و گونجاویش دیاریکراوە، ئەگەر هاووڵاتی بەشێوەیەکی گونجاو و بێ زیادەڕۆیی ئاو بەکاری بهێنێت، زۆرەکەی مانگانە دەگاتە 20 هەزار دینار، بەڵام بۆ شوێنە بازرگانی و حکوومییەکان نرخەکەی لە هی ماڵان زیاترە.

ڕانیە... بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ئەمساڵ یادی ڕاپەڕین ناکرێتەوە

حوسێن مەحمود، قایمقامی قەزای ڕانیە، ڕایگەیاند: بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەمساڵ هیچ جۆرە ڕێوڕەسم و چالاکییەک بە بۆنەی یادی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوە ناچێت، بۆیە وەک قایمقامییەتی قەزای ڕانیە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یادی ڕاپەڕینی 5ی ئازاری ساڵی 1991ی ڕانیە ناکرێتەوە. ناوبراو ڕایشیگەیاند، بە بۆنەی یادەکەوە، مۆنۆمێنتی شەهیدان و شوێنە گشتییەکانی شاری ڕانیەیان ڕازاندووەتەوە. قایمقامی قەزای ڕانیە، ئاشکرایشی کرد، کە وەزارەتی دارایی بڕی 27 ملیۆن دیناری بۆ ڕێوڕەسمی یادەکە تەرخان کردبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی یادەکە ناکرێتەوە ئەوان ئەو بڕە پارەیان گەڕاندووەتەوە بۆ خەزێنەی حکوومەت.

بەمەبەستی ڕێگا گرتن لەبڵاوبوونەوەی پەتای مەترسیداری کۆرۆنا هاتووچۆی هەولێر سەرجەم مامەڵەکانی ڕاگرت

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند: ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیان و شوفێرانی بەرێز دەکەینەوە کەوا لە ڕۆژی 2020/3/4ـەوە تاکو ڕۆژی 2020/3/14 ڕاییکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان لە بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی هەولێر بەهەموو بەشەکانییەوە دەوەستێت.

ڕاشیگەیاند: ئەویش بەمەبەستی پاراستنی گیانی هاوڵاتیانمان و ڕێگا گرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتای مەترسیداری کۆرۆنا. هەروەها ڕایگەیاندووە: سەبارەت بەم هاوڵاتیانەی کەوا لەم ماوەیە ساڵیانە یان مۆڵەتەکانیان یاخود ماوەی 60 ڕۆژی تۆمارکردنی ئۆتۆمبیلەکانیان تەواو دەبێت ئەوانە قەرەبوو دەکرێنەوە لەدوای دەست بەکاربوونەوە بەبێ ئەوەی هیچ سزایەک بکەوێتە سەریان.

هێڵی گەرم بۆ پەیوەندیکردنی خێزا

هاوکات وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هێڵی گەرمی پەیوەندیکردنی 24 کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان ڕادەگەیەنێت، لەکاتی هەستکردن بە هەر حاڵەتێکی گوماناوی بەتایبەتی گەشتیارانی گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات هاووڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ژمارانەوە لە سەرجەم هەرێمی کوردستاندا پەیوەندی بکەن.

دیوانی وەزارەتی تەندروستی
07508169991
07714448100
هەولێر
07503987429
سلێمانی
07718204444
07718205555
دهۆک
07514025338
07514342938
هەڵەبجە
07501365007
07731915151
0538852656
گەرمیان
07480207442
ڕاپەڕین
07705694040
07501613933
کۆیە
07501202218
07701414633

ئەنجوومەنی شارەوانییەکان بە پەیڕەوێکی نوێ پێک دەهێندرێنەوە



وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەنگاوێکی گەورەی لە بواری چاکسازی لە دامەزراوەکانی ئەنجام دەدات.

لە چوارچێوەی پڕۆسەی چاکسازییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، جارێکی دیکە ئەنجوومەنی شارەوانییەکان پێک دەهێندرێنەوە. دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 2019ی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار داوای پێکهێنانەوەی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی کرد، بۆ ئەم مەبەستەیش پڕۆژەیەکی ئامادە کردبوو، دوای ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە ئەنجوومەنی شارەوانییەکان بە پەیڕەوێکی نوێ پێک دەهێندرێنەوە و بە گوێرەی پلەی شارەوانییەکانیش ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان دیاری دەکرێن. بەگوێرەی پەیڕەوە نوێیەکەی پێکهێنانەوەی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لەسەر بنەمای پلەی شارەوانییەکان دیاری دەکرێن. هەر بەپێی ئەم پەیڕەوە نوێیە، ڕێژەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکان 75%ی لە سەرۆکی فەرمانگە حکوومییەکانی شار و شارۆچکەکان پێک دێن و 25%یشی لە نوێنەری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییە تایبەتمەندەکان دەبن، بۆ ئەم مەبەستەیش، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، لیستێکی بە ناوی ئەو فەرمانگە حکوومییانە ئامادە کردووە کە دەبێت لە ئەنجوومەنی شارەوانیی نوێدا هەبێت. هاوبەشیکردنی سەرۆکی فەرمانگە حکوومییەکان لە ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، دەبێتە هۆکارێک بۆ هەماهەنگیی زیاتری نێوان فەرمانگەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکان لەنێوان ئەو فەرمانگانە و شارەوانیدا. ڕێژەی 25%بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ بایەخدان بە پێگەی ژنان لە ئەنجوومەنەکاندا دەکرێت. ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لە پڕۆسەی بڕیاردان لەناو شارەوانییەکاندا زیاد بکرێت. ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، لە ساڵی 2000-2001 لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراون کە نزیکەی 20 ساڵە ئەو ئەنجوومەنانە بەبێ گۆڕانکاری کار دەکەن، بۆیە بەپێوست زانرا کە هەنگاوی چاکسازی و گۆڕانکاری لەو ئەنجوومەنانەش بکرێت کە ئەوان بەپێی یاسا پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی ناو شارەکان هەیە، ئەم بڕیارەیش لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی خەڵکە لە سنووری شارەوانییەکان. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەبارەت بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، نووسراوی ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە و تێیدا زانیاریی تەواو لەسەر شارەوانییەکان دەنێرێ کە ژمارەیان لە سەرتاسەری کوردستان 157 شارەوانییە، بەپێی (ماددەی دووەم) لە پەیڕەوی ژمارە (2)ی ساڵی 2019ی پەیڕەوی پێکهێنانەوەی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان کە دەبێت لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە ئەنجام بدرێت.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، لە نووسراوە فەرمییەکەی کە ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆی کردووە، داوا دەکات ئاگەداری بەڕێزیان پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکەنەوە، بۆ ئامادەسازیی پێکهێنانەوە و دەستبەکاربوونی لەنوێی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، وەک لە نووسراوەکە ڕوون کراوەتەوە کە دەبێ ئەم ڕێکارانە لە مانگی (ئاداری 2020)بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ بەناوی پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی کرا



بەئامادەبوونی پ.د.جەوهەر فەتاح سەعید سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بەوەکالەت و ئەنجوومەنی زانکۆی سەلاحەدین و بەشێک لە سەرۆک بەشەکانی زانکۆ و بەڕێوەبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆ، مەراسیمی بەناوکردنی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ بۆ ناوی کتێبخانەی پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی بەتایبەتی گەشتیارانی گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات هاووڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ژمارانەوە لە سەرجەم هەرێمی کوردستاندا پەیوەندی بکەن.

خزمەتەی، کە لەزانکۆدا کردوویەتی، بۆیە کتێبخانەکە بەناوی کراوە، ئەمەو لەسەرەتای مەراسیمەکەدا سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەت لەوتەیەکی کورتدا باسی خزمەت و ڕاژەی پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی کرد، کە ماوەیەکی زۆرە خزمەتی بەزانکۆ کردووە، هاوکات جەختیشی لەوە کردەوە، کە بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی زانکۆ بڕیاردرا کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ بەناوی سەرۆکی پێشووی زانکۆوە بکرێ. هەر لەوێدا پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی پێشووی زانکۆی سەلاحەدین لەوتەیەکدا سوپاسی یەکەیەکەی ئەنجوومەنی زانکۆ و کارمەندان و مامۆستایان کرد، کە لەو ڕۆژەدا ڕێزیان لێناوە و شوێنێکی پیرۆزی وەک کتێبخانەیان بەناوی کردووە و گوتیشی هیچ کاتێک ئەم ڕێزلێنانە لەیاد ناکات.

چەند بریارێن نوو ژلایێ ژورا عەمەلیاتا یا دوڤ چونا نەخوشیا کرونایێ هاتنە دەرکرن



جێبەجێکرنێ بەردەوام دوڤ چونا بابەتی بکەن وب هوربینی هەمو بریارێن کومبونا دەربازبوی بجھ بیەن وهەر کێماسییەکا هەبیت بهێتە چارەسەرکرن بو وێ یەکێ تیمێن بجھێنانێ باشترکارێن خو وڕێکارێن خو پاراستنێ ئەنجامدان. پاش گەنگەشتن تێر وتەسەل ل سەر هەمو ئەجیندایێن کومبونێ هاتنەکرن وڕێنما وبریارێن نوو هاتنە دان .ئەو بریار و ڕێنما ئەڤنە: (ڕاگرتنا ئەنجامدانا بەهیا لناڤ هولێن مزگەفتا و جهێن گشتی – قەدەغەکرنا دەواتا ل هولێن ئاهەنگا ژ قەدەغەکرنا یاریا دومبەلێ ل جهێن گشتی ژ قەدەغەکرنا مەیدانکا روژێن ئەینی ل تاخێ زرکا ژ قەدەغەکرنا سەردانا نەخوشا ل نەخوشخانێن کەرتێن (گشتی و تایبەت) و بتنێ کەسەک دێ هاریکاربیت دگەل نەساخی ژ پێک ئینانا لیژنەکا تایبەت بو دوڤ چونا وان هاولاتیان ئەوێن قەدگەرنە وەلاتی ژبو بشکنێن وگرەنتیکرنا ساخلەمیا وان. هەروەسا دکومبونێدا هاتە دیارکرن کو کار بڤان بریار وڕێنمایان هەتا روژا 2020/4/1دێ هێتە کرن.

زانیاری هەڵە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، شیکردنەوەی هەڵە بەدوای خۆیدا دێنێت

ڕووداوە لەناکاوەکان بەرەو چارەسەر دەچن، ئەگەر ڕێگری خێرا و زانستییانەیان لێبکرێت



ئا: سەردار حوسێن

هەموو ئەو بارودۆخە ناجێگیرانەی بەهۆی ڕووداوی سروشتی و جەنگ و بلاوبوونەوەی پەتا و ناهەمواربوونی باری ئاسایی ژیان دێنە پێشەوە، بە قەیران هەژمار دەکرێن و هەمیشەیش ئەگەری بەهێز ئەوەیە، کە بتواندرێت بەسەر قەیرانەکاندا زاڵ ببین.

بۆ ئەوەی هەڵە لەنێوان کێشەو قەیران ڕوو نەدات، بۆ نموونە دەڵێین: کێشە بریتییە لەو شڵەژان و نارەزایەتییەی لە دەرەنجامی هەندێک ئاستەنگ دێتە پێشەوە، کە ڕێگر دەبێت لە گەیشتن بە ئامانجەکان، هەروەهاش کێشە کاتێک بەڕوونی دەردەکەوێت لەبەرانبەر بەدەستهێنانی دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی کار و چالاکییە جۆراو جۆرەکانماندا دەستەوەستان دەبین، ئەو کێشەیەش دەبێتە هۆکاری حاڵەتێکی نەخوازراو، دواتری ئەو کێشەیە ڕەنگە ببێتە ئامادەکارییەک بۆ دروستبوونی قەیران، ئەگەر ڕێڕەوێکی ئاڵۆز و تێژی وەرگرت، کە پێشبینی دەرەنجامەکانی بە شێوەیەکی وردو، قورس و زەحمەت دەبێت، بۆیەش پێویس بەوە دەکات کە بڕیار و ڕێکاری زۆر خێرای بۆ بگیرێتەبەر.

هەروەها تێکەڵکردنێکی فراوان لەنێوان کارەسات و قەیران هەیە، وێڕای ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان هەردوو وشەدا هەیە. ئەو کێشەیەی بەبێ چارەسەرکردن بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە دەبێتە کارەسات، کارەساتیش زۆرترین جار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیران، کارەسات ئەو حاڵەتەیە کە بە کردەوە ڕوویداوەو دەبێتە هۆی زیانگەیاندن و وێرانکردنی ژێرخانی سەرچاوە مرۆیی یان مادییەکان و یاخود هەردووکیان، لە هەموو حاڵەتێکیشدا هۆکارەکانی کارەسات ڕاستەوخۆن و دەکرێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا گەمارۆ بدرێن.

کارەسات و قەیرانەکان بەرەو چارەسەردەچن، ئەگەر ڕێگری خێرا و زانستیانەیان لێبکرێت و هەماهەنگی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان هەبێت و ئامانج لە هەموو جوولە و گوفتار و کردارێک سنوور دانان بێت بۆ ئەو ڕووداوە لەناکاوانەی ڕووەدەدن یان ئەگەری ڕوودانیان هەیە.

هۆکارەکانی کارەسات بریتین لە سروشتی یان مرۆیی یان پیشەسازی یان تەدرووستی یاخودیش هەموویان بەیەکەوە، لە کاتێکدا تێگەیشتن لە ململانێ و ڕکابەریکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا چڕ دەبنەوە، ئەوەیش ڕاستەقینە یاخود خەیاڵی بێت، بەجۆرێک کە بەرەبەککەوتن لە ئامانجەکان یاخود بەرژەوەندی یانیش هەڵسوکەوت هەبێت، کە دەبنە هۆی ململانێ لەنێوان تاک و سەرکردەکاندا، وەهاش دەردەکەوێت کە باشترین شێواز بریتییە لە وتوێژ لە پێناو بەدیهێنانی چارەسەردا، چارەسەریش لە وتوێژدا بریتییە لە گەڕان بەدوای بەرژەوەندی گشتی.

کاتێک بارودۆخ زۆرتر گڕ دەگرێت، قەیرانەکان دەچنە قۆناغێکی نوێ، کە قۆناغی بەیەکدادانە، ئەوەیش لەوکاتەدایە کە لایەنە جیاوازەکان بۆیان قورس دەبێت بەرگەی گۆڕانکارییە نوێیەکان بگرن و بەشێوەیەکی تایبەت پلەی گەرمی قەیرانەکان بەرز دەبنەوە، کە توانای کۆنترۆڵکردنی لەدەست دەدات و ئاسان نابێت بەرگەی بگیرێت، ئێستا لەسەر ئێمە پێویستە ئەوانە لەیەکتر جیا بکەینەوەو دەستنیشانیان بکەین، لێرەدا لیستێکی درێژ هەیە کە هەموو ئەو تێگەیشتن و زاراوانە لەخۆی دەگرێت، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆییان بە قەیران و بەڕێوەبردنی هەیە، کە کاریان وەک ئەو کلیلانەیە بۆ کردنەوەی دەرهاوێشتە و پێکدادانی واتا ڕاستەقینەکانە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە دەستەواژەی قەیران و بەڕێوەبردنی بەوە گوزارشت بکرێت کە بریتییە لە: کۆمەڵێک شێواز و پێشنیار و دامەزراوە، کە کار لەسەر بڕپاردانی خێراو لۆژیکییانە دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی و گۆڕانکاری و حاڵەتی لەناکاوی دیاریکراو. ئامانجەکەشی ڕێگریکردنە لە فراوان بوونی چوارچێوەی پێشهات و قەیرانەکە، کە دەبێتە هۆی پێکدادان و ململانێکان و ڕاگرتنی ئەو قەیرانە تا نەبێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی کرداری، دەبێ ئەوەیش بڵێین کە ئەو زاراوانە زۆرینەیان ڕیشەیەکی میژوویییان هەیەو دەتوانێت بەر لە کەسانی دیکە بۆنی سەرچاوەی ئەو دووکەڵە بکات کە لە ئەنجامی ئەو بەریەککەوتنەدا دواجار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیران، کە ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی بەریەککەوتن و بارودۆخێکی گەرم دەخولقێنن، ڕەنگە بگۆڕین بۆ حاڵەتی گڕگرتن و هەڵگیرسانی وێرانکاری، کە هەموو ئەوانەیش پاڵپشت دەبن وەک بنەمایەکی مرۆیی و مادی بۆ ڕاگەیاندنی سەرهەڵدانی قەیرانەکان.

ئەو بنەما سادەیەی بەریەککەوتن شیکردنەوەیەکن بۆ قەیرانەکان و پەیوەندییە مرۆییەکان، هەروەهاش سەرهەڵدانی قەیران لە ئەنجامی پەیوەندی سروشت بە مرۆڤەوەو هەوڵدانی بۆ پێشکەوتن، کاتێکیش ئەو بەریەککەوتنە دەبێتە هۆی پێکدادان، واتا سەرەتای شڵەژانی بارودۆخەکە بەخێرایی، بە گوزارشتێکی دیکەش ئەو جۆرە قەیرانە وەک ئەو میکرۆبانەیە کە لە جەستەی مرۆڤدا تەشەنە دەکەن و خوولی ژیانیان تەواو دەکەن، ئەوەیش زیانەکان زۆر زیاتر دەکات لەوەی چاوەڕێ دەکرێت، زیانەکانیش زۆرترین ڕەنگدانەوە و کاریگەریان لەسەر ئەو کەسانە دەبێت کە تیایدا هاوبەشن و دەکرێت چاوخشاندنەوەیان بە بارودۆخەکە هەبێت، بۆیەش زانیاری هەڵە لەنێو پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان شیکردنەوەی هەڵە بەدوای خۆیدا دێنێت، لاوازی توانای سەرکردایەتیکردنی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و دووبارەکردنەوە وەستان و دژایەتیکردنی ئامانج و گەڕان بەدوای چارەسەری ئاسان و ڕوپاگەندە و خراپی کارگێڕی لەو هۆکارانەی دیکەن، کە پرۆسەی چارەسەری قەیرانەکان سست دەکەن.

هەموویشیان پەیوەندیان بە میژووەوە هەیە، دەرکەوتنیشیان زیاتر پەیوەست بووە بە بەکارهێنانیان لەنێو دامەزراوە کارگێڕییەکاندا، وەک هەر تێگەیشتنێکی دیکەی نێو دامەزراوە کارگێڕییەکان، ئەو حاڵەتانەیش گەشەیان سەند لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان لەنێوخۆدا، زانستی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان زانستی ڕاگرتنی هاوسەنگییە، کە ئەوەی دووەمیان واتای جوولەو ئاراستەکانی هێز دەدات، هەروەهاش خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە جیاوازەکان گەڕان بەدوای ئاسەوارەکانی لە هەموو بوارەکاندا.

لێرەدا دەتوانین باس لەو بەریەککەوتنانە بکەین کە لەنێوان لایەنەکاندا ڕوودەدەن، کە دەبێتە سەرەتایەک بۆ ئەگەری سەرهەڵدانی قەیران و کەسی یەکەمی بەڕپرس لە تێپەڕاندنی قەیرانەکان





پۆرترێتێک بۆ محێدین قادر شێخانی

وێناکردنی پۆرترێتێک بە وشە نەک بە نیگار بۆ کەسێکی وەک کاک محێدین ڕەنگە کارێکی ئاسان نەبێت. من و ئەو لە ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو تا ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام لە ساڵی (2003) دا، پێکەوە لە بەشی هەواڵ و ڕیپۆرتاژ لە ڕۆژانە ڕۆژنامەی (برایەتی) دا کارمان دەکرد.


ئەو لە کار کردندا کەسێکی پەرۆش و دڵسۆز بوو، ڕاستە بە دەست نەخۆشییەکەوە دەینالاند، هەر کە ماندوو دەبوو یان خەمێکی دەخوارد، هەناسەی سوار دەبوو، بەڵام خۆ بابەتی مەرگ و ژین نە بە دەستی مرۆڤە، نە بەر حوکمی مەزندە و خەملاندنی ئەوە، ئیدی بۆیە ئەویش هەر بە چاوی هاوکارانی دی دەهاتە پێش چاوم، واتە لە نێو نەستی خۆمدا چاوەڕوانی کاروانێکی دوور و درێژی ژیان و کارکردنی بووم لەگەڵ کاک محێدین و تێکڕای هاوکارانی ئەو سەردەمی خۆمان، کە سوپاس بۆ خوا ئێستا بەشی هەرە زۆری هاوکارانمان بوونەتە بەڕپرسی چەندین دەزگای هەستیار و کاریگەری میدیای کوردستان. بەدەر لە خەیاڵدانی خۆمان، ڕەنگە هەر بەو جۆرەمان لێک دابێتەوە، کە سبەینێ هەر هەموومان، بەکاک محێدینیشەوە درێژە بە کاری ڕۆژنامەوانیی خۆمان دەدەین و جێ دەستی خۆمان لە مێژووی ئەو کارە پیرۆزەدا جێ دەهێڵین.

کورد دەڵێ (ئەوەی لای بەندە خەیاڵە، لەلای خودا بەتاڵە) بەڵێ لە پڕ هەموومان لە ساڵی (2005)دا بە کۆچی یەکجارەکیی کاک محێدین بەرەو جیهانی جاویدانی تاساین. ئیدی ئەوە یاسای ژیانە و لە کات و شوێن و وادەی خۆیدا، بەسەر هەموماندا پیادە دەبێت.

دێمەوە سەر کارە ئەستەمەکە، پێشکەش کردنی پۆرترێتێکی تایبەت بە کاک محیەدین (کە ئەو پێی خۆش بوو ناوەکەی بەم جۆرە بنووسرێت)، بەر لە هەر شتێک دەبێت بڵێم ئەو کەسێکی هێمن بوو، لە ئاست شتی کەم و کورت دا بێ دەنگ نەدەبوو، دانی بەخۆیدا دەگرت و هەڵچوونەکانی خۆی بە بەفراوی ئارامی دادەمرکاندەوە، لەلایەک نەخۆشی و لەلایەکی دیکە ئەرک و زەحمەتییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی، لەگەڵ باری سەختی ئەوسای گوزەران، هەر هەموو ئەو شتانە لەسەر شانی نەرم و نیان و دڵی ناسکی ئەو مرۆڤە گیرسابوونەوە، هەگبەی خەمەکانی لەلای زۆر کەم کەس دەکردەوە، ڕاستە زوو زوو ڕەخنەی دەگرت، لەوانەش زۆر بەست دەبوو کە جگەڕەیان دەکێشا و دۆخی دژواری تەندروستی ئەویان ڕەچاو نەدەکرد، بەڵام ئامادەش نەبوو دەردەدڵی خۆی بۆ هەموو کەسێک بکات.

بەهەشتی محێدین مرۆڤێک بوو، جێی خۆیەتی بە شانازی و شکۆوە یادی بکەینەوە.

تاریق کاریزی



ژیلا کەریمی

بۆ ئەوانەی لە بابەتی ئافرەت شەڕی یاسا دەکەن

ئەوەی جێی دڵخۆشییە و ئێمەی کوردی لەگەڵ چەندین وڵات لە ناوچەکە جیاکردۆتەوە هەبوونی یاسا و ڕێسای پەرلەمانییە کە سەبارەت بە پرسی ئافرەت دەرکراوە و لە حاڵێکدا کە ڕەنگە تەنانەت چەند وڵاتێکی دراوسێ کە بە مێژوو لە ئێمەش کۆنترن نەیانتوانیبێت ئەو یاسایانە لە دەستووری خۆیاندا جێبکەنەوە.

ئەوەی لێرەدا جێی تێڕامانە ئەوەیە کە چۆنە سەردەڕای یاساکان دیسانەوە ئامارەکانمان دڵخۆشکەر نین و ئێستا ڕێکخراوەکانی لۆکاڵی و بیانی پرسی ئافرەت لە کوردستان جێی دڵگرانی دەزانن و بە پێویستی دەزانن تا قۆڵی هەڵمەتی بۆ هەڵکەن؟ واتا هەموو یەکدەنگن کە پێویستە هەوڵەکان بۆ باشترکردنی دۆخی ئافرەت ڕێکبخرێن و کاری جیددی لەسەر ئەو بابەتە بکەن، چونکە لەو باوەڕەدان هیچ کۆمەڵگەیەک پێشناکەوێت تا پرسی ئافرەت لەو کۆمەڵگەیە چارەسەر نەکرێت یان بە لایەنی کەمەوە بەرەوپێش نەبردرێت.

هەفتەی پێشوو لە تەلەفیزیۆنێکی ئاسمانی هەواڵی ئەوە بڵاوبووە کە کەسێک کەیاسای 406واتا کووشتن بەندکراوە بە پاڵپشتی کەسێکی دەسترۆیشتوو ئازاد کراوە و خەڵک لەبەردەم دادگا بۆ پێداچوونەوە بەو کەیسە گردبوونەوە. لاسەنگی ئەمکارە لێرەدا نەبوونی یاسا نییە بەڵکو هێزی سەروتر لە یاسایە کە توانیویەتی لێرەدا یاسا بشکێنێت. کاتێک لێرە بەداخەوە زۆربەی کەیسی ئافرەتان لە ڕێگەی عەشیرەت و خێڵەوە چارەدەکرێت ئیتر چۆن بتوانرێت پێشکەوتن لەو بارەوە بەدەست بێت.

بەداخێکی زۆرەوە و بە ڕای زۆربەی چالاکوانانی بواری ئافرەت زۆربەی کەیسەکانی ئافرەت نەک لە هۆڵی دادگا بەڵکو لە دیوەخانی سەرۆک عەشیرەت و مااڵی کوێخا و سەرسپییەکان چارەدەکرێت ئەویش نەک بە شێوەیەکی عادڵانە و لەسەر هەق بەڵکو بە شێوەیەک کە ڕەنگە نەک تەنیا یەک ئافرەت بووبێتە قوربانی بەڵکو ئەو بڕیارەی دراوە زیانی بۆ ئافرەتانی دەوروبەریشی هەبووە.

گەر بە سەرنجەوە لەو باسە وردبینەوە، دەتوانین بڵێین پێویستە هەنگاوی ڕێکخراوەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان بردنی کەیسەکان بۆ دادگا و پەنابردن بۆ بڕیاری دادوەر بێت و بە تەواوی مانا بە یاسا دژی ئەو ناعەدالییەتانە بوەستن کە بەرامبەر ئافرەت دەکرێت، چونکە تەنیا ئەو کاتەیە کە پیاوانی یاسا شکێن لە ئەنجامی تاوان سڵدەکەنەوە و گەر بزانن لەگەڵ پێشێلکردنی مافی چینێک بە اوی ئافرەت بەهێزەوە ڕووبەڕووی یاسا دەکرێنەوە ئیتر ئەوا کێشەکان زووتر بەرەو چارەسەر دەچن و زووتر ئەنجام وەردگرن.

لە یادی هەشتی مارس


هەنگاوەکان بۆ لەیەکتێگەیشتنی کۆمەڵایەتی چڕبکەنەوە

ڕاپۆرت/ ژیلا

ئەوەی چەند ساڵێکە بۆتە هۆکار کە پرسی ئافرەت و کێشەکانی لەو وڵاتە یان چارەسەر نەکرێت یان زۆر بە هێواشی بڕوات لەیەک تێنەگیشتنی ئەو دوو ڕەگەزەیە و ئەوەیکە بۆ یەک بابەتی کۆمەڵایەتی دوو خوێندنەوەی جیاواز تەنیا بە هۆی ڕەگەزەوە دەکرێت واتا بابەتەکە لە لایەنی ڕەگەزییەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. هاوواڵتیان لەو بارەوە دەدوێن.



مەیادە نەجار، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: بێگومان هەشتی مارس وەک بۆنەیەکی گرنگی جیهانی کە تایبەتە بە چەسپاندنی مافی ئافرەتان و نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، مەرجە لەو بۆنە پرشکۆیەدا هەنگاوەکان بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئافرەتان و نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی بەهێزبکرێت. ئەوەیکە گرنگە کاری لەسەر بکرێت وەک پرانسیپێکی تایبەتمەندی ئەم بوارە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، چۆن تێگەیشتنی ڕەگەزی بەرامبەر بۆ نەهێشتنی جیاکاری دروست دەکەین، واتا چۆن پردێکی پەیوەندی لەنیوان هەردوو ڕەگەزدا دروست دەکرێت کە ڕەگەزی نێر لە مافەکانی ڕەگەزی مێ بگات و هاوکاری بێت چونکە هەتا هەوڵەکان تەنیا لەچوارچێوەی خودی ئافرەت بێت، ئەستەمە بتوانرێت جیاکاری ڕەگەزی بنبڕبکەین ، بەڵکو دەبێت یەکێک لەهەنگاوەکانی داهاتوومان دروستکردنی هەماهەنگی زیاتربێت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر و هۆشیارکردنەوەیان لەدروستکردنی هزری مرۆڤ سالاری. بێگومان ئەم هەنگاوانەش خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینیتەوە یەکەمیان گرنگیدان بەچەمکی مرۆڤ سالاری بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر بنەمای مرۆڤبوون ئەو قەناعەتە لەلای هەردوولا دروست بکەین لەسەر بکرێت. لەلایەکی ترەوە پێویستە لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بە مافەکانی ئافرەتان هەردوو ڕەگەز بە هاوبەشی بەشداری تیدابکەن و هیچ جۆرە جیاوازییەک لەنێواندا نەبێت بۆ نموونە لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکانی هەردوولا دروست بکەین کەکۆمەڵگە پێویستی بە هەر دوو ڕەگەزە، جا ڕەگەزی نێر بێت یان مێ ئەوکات دەتوانێت لە کارەکاندا سەرکەوتوو بێت، لەم سۆنگەیەوە چەمکی مرۆڤ سالاری بکرێتە مارشی ڕۆژی هەشتی مارس. هەڵمەتی هۆشیاری یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی تێگەیشتنی ڕەگەزی نێر لە مافەکانی ڕەگەزی مێ و هەماهەنگی لەنیوان هەر دوولادا بنیانان و داڕشتنەوەی پرۆگرامی خوێندنە کە باسی هزری مرۆڤ سالاری و یەکسانی هەردوو ڕەگەز بکات و مەرجە لەسەرجەم ناوەندەکانی خویندن و بۆ هەردوو ڕەگەز پێکەوە کاری


مەیادە نەجار

ئافرەتان و وۆرکشۆپەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا نابێت تەنیا ئافرەت بەشداربن، بەڵکوو دەبێت ڕێگە بە پیاوانیش بدرێت کە بەشداری کارا بکەن چونکە شارەزابوونی ڕەگەزی نێر لەمافەکانی ئافرەتان لە لایەن لایەنی بەهێزەوە ئەنجامدراوە نادادپەروەری لەکۆنەوە هەبووە و هەیە و هەر دەمێنێ. ئێمە لە کۆمەڵگەییەکی یەکسان نین یان بە گشتی جیهان نەگەییشتۆتە ئەو ئاستەی مرۆڤەکان وەک یەک بن بە


نازەنین عەزیز


هەیفا دۆسکی

ڕێگەی هەنگاوەکانی هەڵمەتی هۆشیاری دەبێتە دەرگایەک بۆ لێکنزیکبوونەوەی هەنگاونان بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئافرەتان و تێگەیشتنی هەردوو ڕەگەز لەمافەکانی یەکتری. هەروەها پێویستە ڕاگەیاندنەکانیش بەسەرجەم شێوازە جیاوازەکانییەوە زیاتر کار لەسەر نزیکردنەوەی هەردوو ڕەگەز و شرۆڤەکردنی مافەکانیان بکەن، نەک بینە مینبەرێک بۆ زیادکردنی ناکۆکییەکان، ئەمە بێجگە لەوەی پێویستە نووسەران و میدیاکارانی هەردوو ڕەگەز خۆیان لەزمانی زبر بەدوور بگرن و دەرگا بۆ دروستکردنی پردی دیالۆگ بکەنەوە. لەکۆتایدا ئەوەی جێگەی سەرنجە گرنگە هەشتی مارس بکرێتە ڕۆژی دیالۆگی کۆمەڵایەتی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئافرەتان، هەڵی بەهێزکردنی ڕۆحی لێبووردن لەنیوان مرۆڤەکان بەهیزکردنی هزری مرۆڤسالاری و نەهشتنی جیاکاری ڕەگەزی لەگشت کۆمەڵگە جیاوازەکاندا.

نازەنین عەزیز، یاساناس و بەرپرسی ئەنجومەنی ستڕانی (ی.ئا.ک) لەو بارەوە وتی: گەر سەیری مێژوی مرۆڤایەتی بکەین پێکدێت لە ململانێی چینەکان بە تەواوی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە. بە درێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی نادادپەروەری لە نێوان مرۆڤەکان هەبووە لە کۆمەڵگادا لە وانە چەوساندنەوەو کۆیلایەتی و یەک چاو سەیر بکرێن جا بەهەر هۆکارێک بێ، ئەم جیاوازیەش بووەتە هۆی ئەوەیکە لەسالی ١٨٥٧ز بە هەزاران ئافرەت لە شاری نیویۆرک لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ هێنانەدی داواکاری و مافیان ڕژانە سەر شەقام توانیان دەنگیان بگەیەنن سیاسیەکانی وڵات کە کار بکەن بۆ کەمکردنەوەی ماوەی کار کردن و زیادکردنی کرێی کارکردن کە لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەو گۆڕانکارییە و کرانەوەیەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرهەمی خەبات و فیداکاری کۆمەڵێک خەڵکە کە لە پێناو بەدیهێنانی دادگەری گیانی خۆیان فیدا کرد. گەر سەیری کۆمەڵگەی کوردستان بکەین دەبینین کۆمەڵگەیەکی زیندووە ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەسەندن دایە و بەردەوام لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسی دایە بە شێوەیەک کە توانیویەتی خۆی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو و جیهان بگونجێنێ. دەبینین یادکردنەوەی ٨ی مارس لە کوردستان پێشوازیەکی زۆر گەرمتر و جوانتری لێدەکرێ لەچاو وڵاتانی دەوروبەر و دراوسێی ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەریەی کە دەسەلاتدارانی هەرێم و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دروستیان کردووە لە کوردستان، ئاستی زانست و زانیاری قۆناغێکی باشی بڕیوە لەچاو سالانی ڕابردوو سەرەڕای بەربەستەکان ئافرەتی کورد هەمیشە هەوڵیداوە بەربەستەکان بشکێنێت و لە کاروانی زانست دانەبڕێ. ئێستا زانکۆکانی کوردستان ڕێژەیەکی زۆری قوتابیان ئافرەتن بگرە ڕێژەیان هاوسەنگ و هەندێکجار زیاتریشە لە ڕەگەزی بەرانبەر لە چاو سالانی ڕابردوو کە ئافرەت لە زانکۆکان بە پەنجە ئەژمار دەکران. ٨ی مارس لە باشووری کوردستان بەهۆی داگیرکاری ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی یاد نەدەکرایەوە، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ساڵانە بە چەندین چالاکی هونەری و بەخشینەوەی گوڵ و ئاهەنگ و سمینار و دابەشکردنی خەڵات و بەسەرکردنەوەی ئافرەتی لێپهاتوو چەندەها چالاکی تری جۆراوجۆر یادەکە بەرز و پیرۆز ڕادەگیرێ. لە کۆمەڵگەی کوردستان بەختەوەری ئافرەت و خێزان و کۆمەڵگای کوردستان لە هاتنەدی مرۆڤ سالاریدا دەبینم کە تیایدا پیاو و ئافرەت لە هەموو بوار و کایە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری مافی یەکسانیان هەبێ لەگەڵ بەدژکردنی ئەو دوو ڕەگەزە نیم پێموایە هاوکاری و لێک تێکگەییشتن لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە ماف و نیرادای بەرانبەر کلیلی ژیانێکی ئارام و بەختەوەرە بۆ هەردوو لا.

چالاکوان هەیفا دۆسکی، لە شاری دهۆکەوە لەو ڕاپۆرتە بەشدارە و گوتی: پێگەیاندنی پیاو باشترە لە جیاتی پەیام بو ئافرەت بێگۆمان ئێمە زۆر باسی مافی ئافرەت و یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا دەکەین، بەرامبەر هەر چالاکییەکی ئەنجام دەدین، زیاتر بو ڕەگەزی مێ یە و بەشداربوونیان زیاترە لە پیاوان، بەڵام بە پێچەوانە پرسی سەرەکی پیاو خۆیەتی و دەبێت پەیام بۆ پیاو بێت، لەبەرئەوەی ئاستی هوشیاری کومەڵگا بە گشتی ئەرکی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی ئافرەتانە ، لەبەرئەوەی ئافرەت کەسی یەکەمە لە هەر گوڕانکارییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی قوربانی بدات، چونکو لەکونەوە تا ئێستا بە کەسایەتییەکی لاواز بینراوە، ئەمەش تێڕوانینەکی شاشە، لەبەرئەوەی وەکو هێز دەڕوانن ئافرەت و کام زیاتر هێزی جەستەدی بەقوەتە ئەو دەتوانێت ببێتە خاوەن بڕیار و کاروبارەکانی ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام لە بنیاتەوە توانا و هێزی ئافرەت شاراوەیە و نابینرێت و پێوانەی هێزی تێڕوانین و پێگەی ئافرەت توانای هەژمارکردنی یە ، بەڵام پێویستە تەنیا شەڕ لەپێناو یەکسانی بە تەنیا نەکەین، بەڵکو بۆ قوناغەکانی ئەمڕۆ پێویستیمان بە داوەری کۆمەڵگەیە لە نێوان هەردو ڕەگەزەکان، کەچی بە پێچەوانەوە پیاو خوی زاڵ دەبینێت لە سەر ڕەگەزی مێ و هەوڵ دەدات لە بەڕێوەبردنی ماڵ و کومەڵگەدا ململانێ دەکات هەموو هەوڵەکان دژایەتی ئافرەتانی پێوە دیارە، تووندوتیژی دەرونی و جەستەییان بەرامبەر ئەنجام دەدەن، بۆیە باشتر ئەوەیە هۆشیاری لەنێوان مێ و نێر لە هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاس و دەروونی و تەندروستی دروست بکرێت، وەکو مرۆڤ ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت، لەگەڵ ئەمەش زۆر گرنکە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان زیاتر خویان بخزێنە نێو کۆمەڵگا و پەیامی دروست و خزمەتی کومەڵگا بکات بە ئاشکرا باسیان بکەن، چونکە زانراوە کە هەندێک لەم ڕێکخراوانە کارێکی ئەوتۆ ئەنجام نادەن، لەبەرئەوەی ئەم ڕێکخراوانە بووینە ئەگەری سەرهەڵدانی ئاڵوزی و تێکدان لەناو کومەڵگادا، کە پیاو و ئافرەت لە جیاتی هەوڵدانیان بو پێکەوە ژیان بێت، زیاتر بە ڕق و کینە بەرامبەری ئێک ئەوەستن، تا لەنێو دەزگای بڕیاردانیش دا ململانییەکێ توند ئەبینرێت و پەیا ئەبێت، بۆیە ئەمە لە بەرژەوەندی ئافرەت و کومەڵگا دا نییە و زیاتر بەلایەنی پیاو دا ئەکەوێت. پێموایە پێویستە ڕێکخراوەکان هاوهەنگاو و بە یەک بیر و ڕا کار بۆ یەکسانی بیرکردنەوە لەسەر پرسی ئافرەت بکەن و ئەو هەستیارییەی پیاو بەرامبەر ئەو پرسە بڕوێننەوە و وەک پرسێکی کۆمەڵایەتی گشتی خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

بە یارمەتی سروشت بەرەنگاری هەر جۆرە ئەنفلۆوەنزایەک ببنەوە



ئەم ڕۆژانە باس باسی کرۆنا و دڵەوڕاکێکانی تایبەت بەو باسەیە. بە پێی زانیاری پزیشکان ئەو کەسانەی بەرامبەر ئەو نەخۆشییە لاوازترن کە هێزی بەرگری جەستەیان لە خوارەوەیە و بەداخەوە ترس و دڵەڕاوکێ یەکێک لەو هۆکارانەن کە بەرگری لەش لاواز دەکەن. ئەم مەعجونە شتێکی ئاسان و بەردەستە و هەموو دایکێک دەتوانێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە ئەنفلۆوەنزایەک بۆ هەموو ئەندامانی خێزان ئامادەی بکات.

پێداویستییەکان: دوو لیمۆ، پرتەقاڵێک، سەلکێک زەردەچوو و هەنگوینە.

ئامادەکردن: لیمۆ و پرتەقاڵەکە دوو کەرت بکەن و دواتر زۆر بە باریکی قاش قاشی بکەن. زەنجەفیلەکە سپی بکەن و لە بیکوتن و بیکەنە سەر کەردەسەکانیتر. کەوچکێک چێشت زەردەچوو زەنجەفیلی تازە، زەردەچوو و هەنگوینە.

ئەم مەعجونە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەلێرجیان هەیە یان ئەو کەسانەی کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە ئامۆژگاری ناکرێت.

یەکەم کۆبوونەوەی ئیداری سەرۆک بارزانی لە رۆژانی راپەڕین لە رانیە ئەنجام درا

عوسمان رانیەیی

هەڵبەتە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەبارەی ڕاپەڕین و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە جەماوەریی و فیداکارییەی پێشمەرگە زۆر باسکراوە و بۆ خۆم وەک هەڵسوڕاوێکی ناو جەرگەی ڕاپەڕین لە دەیان بۆنە و وتار و دیدار و کۆڕوکۆبوونەودا باسم لە ڕاپەڕین کردووە، بەڵام لەم ساڵیادەدا بۆ یەکەمجارە بابەتێک دەنووسم و وەک ڕاستییەکی مێژوویی دەیخەمە بەر چاوی خوێنەران، ئەویش سەبارەت بەهاتنەوە و گەیشتنی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانییە وەک یەکەم سەرکردەی کورد لە ڕۆژانی یەکەمی ڕاپەڕین بۆ ڕانیە، هاوشان لەگەڵ پۆلێک لە سەرکردە و فەرماندەکانی پێشمەرگە و لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بۆ ناوشاری ڕانیە کە من ئەو بابەتە وەک ڕاستییەکی مێژوویی و خۆشترین بیرەوەری خۆم لە ڕاپەڕین دەخەمەڕوو، وێڕای سەرکەوتنی جەماوەر و لە گۆڕنانی ڕژێم، ئەویش ئەو حاڵەتەبوو کاتێک هەواڵی هاتنی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانیم بڵاوەکردەوە لە بڵندگۆی مزگەوتی گەورەی ڕانیە، بەم جۆرە هەواڵەکەم دەگووتەوە (ئاگاداری ئاگادارى، مۆژدە مۆژدە، پاش کەمێکی تر جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی و پێشمەرگەکانی کوردستان دەگەنەوە ناوشاری ڕانیە و تێکەڵ بە خۆشی و سەرکەوتنەکانی ئێوە دەبن، ئەی جەماوەری ڕاپەڕیوی شاری دەروازەی ڕاپەڕین). ئەوەبوو جەنابی کاک مسعود بارزانی وەک یەکەم سەرکردە بەیاوەری دەستەیەک لە سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی لەناویاندا کاک نەوشیروان مستەفا و شەهید فەرەنسۆ حەریری و مولازم یونس و مولازم بابەکر و دەیان سەرکردە و فەرماندە و سەدان پێشمەرگەی پارتی و لایەنەکان گەیشتنەوە ناوشاری ڕانیە و لەلایەن جەمارەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا، دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ بکەم کە بۆ یەکەمجارە باسی دەکەم و پێم وابێت هیچ کەسی تر باسی نەکردووە، ئەویش یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی و ئیداری جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانییە وەک سەرۆکی پارتی و سەرۆکی بەرەی کوردستانی لەگەڵ بەشێک لە سەرۆک فەرماندە و خزمەتگوزارییەکانی میری لە ڕانیە ئەنجامی دا و لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک مەسعود بارزانی داوای لە بەرپرسە ئیدارییەکان کرد، هەرچی زووە بتوانن دەستبکەنەوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی فەرمانگەکانیان بۆ جەماوەری خۆشەویستی رانیە و ناوچەکە. هەروەها چەندین بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگیش لەلایەن سەرۆک مەسعود بارزانییەوە دەرچوو بۆ بەرپرسانی ئیداری لە رانیە و ناوچەکە بەگشتی کە دواتر گشتیندران بۆ سەرجەم شوێنەکان گرنترینی بڕیارەکان بریتیبوون لە:

1-پاراستنی یەکپێزی جەماوەر و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و چەسپاندنی گیانی تەبایی و برایەتی نێوان چین و توێژەکان.

2-جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی سەبارەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوواڵتیان و بارودۆخە تازەکەی دوای ئازادی و ڕزگاریی خاکی کوردستان و نەمانی ڕژێم.

3-پاراستنی موڵک وماڵ و سەروسامانی هاوواڵتیان و دامودەزگا و موڵکە گشتییەکانی دەوڵەت.

4-ڕێزگرتن لە سەربازە بەدیلگیراوەکان و پاراستنیان و دەستدرێژیی نەکردنە سەریان بە هیچ بیانوویەک، هەروەها سوودوەرگرتن لە توانای پزیشکانی سەربازی لە نەخۆشخانەکان و هاوکاری پزیشکانی کوردستان بکەن.


5-خۆبەدوورگرتن لە گیانی تۆڵەسەندنەوە و نانەوەی دووبەرەکی و ڕێگەگرتن لە هەر جۆرە ناکۆکییەکی شەخسی و حزبی و کۆمەڵایەتی بە هەر جۆر و بیانوویەک بێت.

6-داوا لە سەرۆکی فەرمانگەکان کرا هەرچی زووە دەستبکەنەوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوواڵتیان بە تایبەتی فەرمانگەکانی ئاو و کارەبا و نەخۆشخانەکان و کردنەوەی قوتابخانەکان و هاتوچۆی نێوان شار و ناوچە ئازادکراوەکان ئاسایی بکرێتەوە.

هەر لەو کۆبوونەوەیە کە لە ماڵی شەهید ئەحمەد سالح بەگ بەڕێوە چوو، من لە لایەن شەهید فەرەنسۆ حەریری ڕاسپێردرام و دەستنیشانکرام وەک یەکەم پەیامنێری دەنگی کوردستانی عێراق لەسەر خاکی ئازادکراو بۆ گەیاندنی پەیامەکان و چالاکییەکانی جەنابی سەرۆک و ئۆرگانەکانی تری پارتی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی لە ڕێگەی ئامێری بێتەلی میحوەری 9یان لیژنەی ناوچەی ڕانیەی پارتی دیموکراتی کوردستان.



کاروان محەمەد سینو



مووچەی هەموو هەرێمی کوردستان و مودیرعامێک

لە چەند مانگەی ڕابردوودا.. هەموو سەرەمانگێک فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە دڵەڕاوکێ و ئەرێ و نەرێ ی بوون و نەبوونی مووچەدابوون، دەیانگوت "هات.. نەهات.. دێت.. نایێت.. واژوو بووە.. نەبووە، کێشە تەکنیکییە، فەنییە، لۆجستییە...هتد"، جار جاریش دەڵێن حەزرەتی مودیر عامێک لە بەغدا میزاجی تەواو نییە و هەر بەهوای نەفس واژوو و ئیتلاقی موچەکەی هەڵپەساردووە!. ئەمەو چەندین ڕەفتار و هەڵوێستی دیکەی حکوومەتی عێراق و بەرپرسەکانی بوونەتە گەری ئەم دڵەڕاوکێیە نیگەرانی و فەرمانبەران و هاوواڵتیانی کوردستان بەگشتی. لەبەر ئەوەی هەموومان دەزانین کە نەبوون و دواکەوتنی مووچە کاریگەری نەرێنی نەک تەنها لەسەر فەرمانبەرانە بەڵکو کاریگەری هەیە لەسەر بازار و بۆرسە و ئاڵوگۆڕی پارە و کڕین و فرۆشتنی هەموو جۆرە کاڵایەک، سەرەڕای بێزاری و نیگەرانی و گوشاری دەروونی لەسەر خێزان و یەکە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستانی.

لێرەدا دەپرسین، ئایا کێ بەرپرسیارە لەم نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە خەڵکی کوردستان؟! و نانەوەی ئاڵاوزی و پشێوی لەپەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی عێراق کە تەنها لە ڕێگری کردنی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان پەیدا دەبێت؟!. هەروەها دەپرسین کاتێک ئەم کێشەیە لە مانگەکانی ڕابردوودا ڕوویدا، ئایا هیچ لێپرسینەوە و بەدواداچوونێک بۆ ئەم مژارە کرا؟!، ئایا هیچ کاتێک هیچ بەرپرسێک لەم کێشەیە سزادرا؟. پێموایە (بەڵکو دڵنیام) کە هیچ بەدواداچوونێک بۆ گرفتەکانی پێشووتر نەکراوە و هیچ کەسێکیش تۆمەتبار نەکراوە و سزاش نەدراوە. بەدەلیلی ئەوی کە هەمان کێشە و مژار هەموو سەرەمانگێک دێتەوە پێش و دووبارە دەبێتەوە. پێشتگوێ خستنی لێ پێچینەوە و بەدوادا چوونی هۆکار و ئەگەرەکانی ئەم کێشەیە وای لە بەرپرسانی بەغدا کردووە کە هەر (بە هەوەس) بەبێ بوونی هیچ هۆکار و ئەگەرێک، هیچنەبێ (هەفتەیەک دوان) ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دواخەخن. بۆیە ئەگەر لێپرسینەوە و بەدواداچوون نەبێت، ئەمڕۆ مودیرعامێک وایکرد بەیانی مودیرێک واەکات و دووبەیانی فەرمانبەرێک و سێبەیانی هەرکەسێکی دیکە؟!. پشتگۆخستن و بەدوادانەچوونی ئەم کێشەیەی کەهەموو سەرەمانگێک بەهەوای نەفس دووبارە دەبێتەوە، وای لە بەرپرسانی بەغدا کردووە کە پێیان وابێت ئەوان خێر بە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکەن و هەرشتێک بەدڵیان نەبێ ئەوا لە ڕێگای هەڵپەساردنی مووچەوە گوشار دەخەنەسەر ناوەندی بڕیاری سیاسی و کارگێڕی کوردستان و دەخوازن ئیرادە و خواستی خۆیان لە ڕێگای بڕین و هەڵپەساردن و دواخستنی مووچە بەرس دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی کوردستان بسەپێنن. لەکاتێکدا کە مووچەی فەرمانبەران بڕگەیەکە لە بڕگەکانی بودجەی عێراق و نابێ بەهیچ شێوە و بیانوێەک هیچ ئاستەنگ و ڕێگری لێ بکرێت و نابێ مووچە بکرێتە مەرج و بارمتەی هیچ سیاسەت و هەڵوێستێک و خواستی هیچ لایەن و هێزێک. پێویستە ئەم ڕاستییە بخرێتە بەردەم هەموو بەرپرس و دەسەڵات دارانی حکوومەتی عێراق و بەگوێیاندا بخوێندرێتەوە. هەروەها پێویستە میکانزمێکی وا بگرێتەبەر کە لەمەوپاش بەدەر لەیاسا هیچ کەسێک ئەو دەسەڵاتەی نەبێت بە میجزاج و خواستی خۆی و لایەنە سیاسی و مەزهەبییەکان مووچەی فەرمابەرانی کوردستان دوابخەن یاخود هەڵپەسێرن، لەبەر هەر هۆکار و هەڵوێست و گوشارێکی سیاسی و مەزهەبێت. ئەگینا دەبێ هەموو سەرەمانگێک مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەستیان لەسەر دڵیانبێت و گوێیان لەسەر قسە و قسەڵۆک و تانە و تەشەنە وپڕۆپاگەندەی دۆست و ناحەزانبێت ببنە گاڵتەجاڕی میدیا و تۆرەکۆمەڵایەتییەکان.

یەکڕیزی کورد زامنی خواست و پاڕێزەری مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستانە

خەبات: تریفە ئازاد

Mailing address: Erbil Governorate, the City Center, beside Erbil International Hotel, Kurdistan Region – Iraq
E-mail: masood.karrash@watsan-krg.krd ; masoodkarrash@gmail.com
ismail.ibrahim@watsan-krg.krd ; ismail.ibrahim@hotmail.com

5. A complete set of bidding documents may be purchased by interested Bidders on the submission of a written application to the address above and upon payment of a non-refundable fees of USD 500 (five hundred US Dollars).
6. The provisions in the Instructions to Bidders and in the General Conditions of Contract are the provisions of the Standard Bidding Documents under Japanese ODA Loans for the Procurement of Small Works.

7. Bids must be delivered to address above on or before 11:00 am (Iraq Local Time) on 20 of April 2020 and must be accompanied by a security of (USD 50,000) "Fifty thousand United States Dollars".
8. Bids will be opened in the presence of Bidders' representatives who choose to attend at 11:30 am (Iraq Local Time) of 20 of April 2020 at the offices of General Directorate for Water and Sewerage Address: Erbil Governorate, the City Center, beside Erbil International Hotel, Kurdistan Region –Iraq.

General Directorate for Water and Sewerage,
Mr. Masood Mohammed Jirjees, Director General, PMT Director
Address: Erbil Governorate, the City Center, beside Erbil International Hotel, Kurdistan Region –Iraq
Phone : +964 750 448 1460
E-mail: masood.karrash@watsan-krg.krd ; masoodkarrash@gmail.com

Genel Energy

کۆمپانیای **(Genel Energy)** پێویستی بە کارمەندە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

Position Title: Rig Logistics Supervisor

Reports to: Drilling Superintendent | **Location:** Rigs in KRI, and other locations as required.

Genel Energy is an independent E&P company listed on the main market of the London Stock Exchange Headquartered in London with offices in Ankara, Sulaymaniyah, Sulaymaniyah, Morocco & Somaliland Genel is one of the largest London-listed independent oil producers and is the largest holder of reserves and resources in the Kurdistan Region of Iraq.
This role is based at the rig location to oversee all the tangibles and rental tools and equipment arriving and leaving the well location. Work close with the Drilling Team and C&P Team to coordinate the tangibles movement. Work close with the Service Companies to coordinate the rental tools arriving and leaving the rig location.

Key Accountabilities include but not limited to:

- Responsible for the rig site storage, inventory integrity, security, and disposal of material.
- Ensure the inventory files has detailed item description, procurement cost, current condition, residual cost, storage location, etc.
- Ensure compliance with KRI, partner, and Genel Inventory Management Process.
- Familiar with KRI and drilling regulatory standards and API, NACE, etc.
- Attend meetings with KRI and other stakeholders as required.
- Participate in special projects and studies, internal investigations, peer reviews, audits, insurance claims, NPT and invoice issues, etc.
- Provides and maintains inventory control records during and after operations.
- Maintain files on each requisition with complete history on acquisition, transportation and receipt.
- Provide for records and location control of all Genel-owned and rented drilling tool equipment and follow up with operational personnel to make sure rental equipment is immediately returned to vendors once dispatched from the field.
- Ensure maintenance records of all material movements, stock and rental, including Materials Transfer Manifest (MTM), Goods Received Notes (GRN), Materials Return Note (MRN), Stock Transfer Note (STN), and Damage/Discrepancy Notes (DDN).

Requirement:

- College or High School Diploma
- APICS Certification a plus.
- Fluent in English.
- Ex-service company packer or downhole tool representative is a plus.
- 10+ years of experience in material and inventory management on drilling and completion operations.
- Thorough knowledge of drilling and completion tangibles, and rental tools.

Please submit your application by email to (careers.erb@genelenergy.com) before March 18, 2020
(Kindly mention Rig Logistic Supervisor in the subject of your E-mail)

داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٩٧/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٣/٣ / ٢٠٢٠
ب/ ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو : کاڤین خان اول پیرو
ئ ێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٩٧/ش/٢٠٢٠) ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٢/١٦) پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وداواکار (نیوار ناصر جادر) ل ٢٠١٧/١١/١٧ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامییێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەرۆفاژیا ئ ێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ١٩٤/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ فیان توفیق محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٩٤/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٠ لەسەرت بە بڕیاردن بەبڕی ١٥٠٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار ئەگەر نەیەدی بەندکردن بۆ ماوەی ٢ دوو مانگ بەشێوەی پاشمڵە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت بەپێی مادەە ٢٩٢ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکەی بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ١١٦/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ یاسین قادر محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١١٦/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٣ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەشێوەی پاشمڵە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت بەپێی مادەە ٤٥٩ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکەی بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ١٣٠/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٧
بۆ سزادراوی هەڵاتوو/ محمد عبدالجلیل کریم
ئاگادارکردنەوەی سزادراو
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٣٠/ك/٢٠١٧ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ لەسەرت بە زیندانی کردنت الحبس بۆ ماەی ١ یەك ساڵ بەپێی مادەە ٤٥٦ لە یاسای سزاکان بەشێوەیەکی پاشمڵە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت بەپێی مادەە ٤٥٦ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکەی بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ٤٤٢/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمد منیر عبدالله
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٤٤٢/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٥ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ٢ دوو ساڵ بەشێوەی پاشمڵە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت بەپێی مادەە ٤٥٦ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکەی بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ١٥١/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٣/١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رشاد عبدالرحمن عبدالکریم
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنەمای دادگای سزای دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی مادە ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٩ بۆ دادگایی کردنت بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ٢٣٦/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ گوکان قەبلان
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٢٣٦/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٩ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەشێوەی پاشمڵە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت بەپێی مادەە ٤٣٢ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکەی بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك سەروکاتیا باژێرڤانیا فایدە مولکایەتی
ژمارە/ ٣٢٦/٢٧/٢٧
میژوو/ ٢٠٢٠/٢/٢٥
ڕاگەهاندن
لدیف نڤیسارا ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە ١٣٨٧ ل ٢٠٢٠/٢/٢٥ نەخشێن بنیاتی سەبارەت نەخشێ ڕوونکری یێ هەڤپێچ کری ل سەر پارچا ئەردی یا ژمارە ٧/٢ کەرتێ ١ زاوا بو مەرەما داناا کارگەها چێکرنا ئاری ب ڕووبەرێ ٨ دونما کو ڕەگەزێ وی هاتیە گهورین ژ ئافاهین گشتی بو بازرگانی و کەسکاتی هەر کەسەکی یان جهەکی میری گازندەك هەبیت یان نەرازیبونەك بلا پێش کێشێ سەروکاتیا باژێرڤانیا فایدیێ بکەت د ماوێ ٣٠ ڕوژا هەر ژ ڕوژا دەرکەتنا ڕوژنامێ.
ئەندازیار/ اسماعیل سلیمان عبدالکریم
س.ب. فایدە
***
دادگای تاوانی هەولێر/ ٤
ژمارە/ ١٠٠/ج/٢٠١٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بیستون محمد مصطفی
ئاگادارکردنەوە (سزا)
دادگای تاوانی هەولێر /٤ لە داوای ژمارە ١٠٠/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگاییکردنت بە پاشمڵە غیابی لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢ دادگا بریاریدا بە سزای بەندکردن بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی مادەی ٤١٣/ف٣ لە یاسای سزادان بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت (الاعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردە گرێت.
سەرۆك/ تحسین طه رسول
***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Contract & Procurement Supervisor
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

Undertake and execute day-to-day operational contract & Procurement activities in support of DNO's, operations in Kurdistan from conception to contract close out. Conduct contract management activities to ensure effective contracts administration and performance management of contracts ensuring cost recovery. Training and Development of local staff including one on one and on the job training.

Please visit our website for more details on the job responsibilities.

Required Qualifications & Experience:

- Minimum 15+ years relevant oil & gas contracting experience, with at least 10+ years international working experience as senior contract engineer with IOC(s) in JV projects
- Development of national staff and experience with training matrices
- Formulation and evaluation experience in a cross section of complex contracts including; production, construction, logistics, drilling and support service contracts.
- Complete and demonstrable understanding of significant legal and commercial issues
- Demonstrable skills & experience in contract engineering, procurement, materials management & logistics for drilling, production & projects and facilities;
- HND preferably technical or BA / MBA in relevant discipline
- Awareness of Best Practices in corporate and project supply chain procedures;
- Preference for CIPS or RICS (or equivalent) certification.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Head of Commercial & Corporate Affairs
Work Location	Dubai Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

- Supports the implementation of the Company's sustainability and corporate responsibility (SCR) programs, including external ESG metrics and social performance activities (identification, mitigation and measurement of business impacts on people and communities) consistent with company strategy and objectives.
- Provide content for company responses to stakeholder and shareholder environmental, social and governance (ESG) requests
- Contribute to sustainability and climate reporting
- Contribute to preparation of Board and executive materials
- Provides support to BU's CSR team in planning and implementing DNO's CSR vision and activities in KRI in coordination with JV partners and KRG.
- Line manager of in-country Commercial Managers and reports to Group's Commercial Director. Leadership and responsibility over all commercial activities at the BU level fall under this position. A key deliverable is streamlining activities and developing procedures and protocols.
- Build and maintain a register/tracker of key events with potential large/ long lasting impacts on the business
- Build and maintain a register of main threats and opportunities in relation to external parties (notably MNR and JV partners)
- Manage and maintain MOM of KRI meetings
  - Mange action tracker
- Liaise with Oslo's Communication team to promote BU's activities on environment and social (CSR) fronts, both internally and externally.
- Responsible for DNO KRI (Dubai/Kurdistan) website content

Required Qualifications & Experience:

- Education on master's level in relevant field
- 5-10 years of experience in commercial preferably within O&G
- Knowledge of financial, legal and corporate responsibility issues
- Experience of implementing contracts processes and systems

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Piping Engineer-Fixed term for 6 months
Work Location	Dubai Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

- Implementation of multi-disciplinary projects from design phase through to commissioning and handover (principally focused on Peshkabir Water Management)
- Direct Piping and Layout Engineering and/or EPC contractor's activities with respect to Piping engineering for fast track project delivery

Required Qualifications & Experience:

- 15+ years of piping and layout experience with oil and gas facilities
- 3D modelling experience with PDMS, CADworx or similar
- Experience in the delivery of fast track installation from modelling to MTO for procurement and site installation
- Technical education with a relevant degree

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



ماڵپەڕی (تاتس) ی ئەڵمانی...

دەوڵەت زامنی یەکەمی پاراستن و هێنانەدی ئاسایشە بۆ گەلی کورد

ئا: هەندرین شێرزاد

لانی کەم ، 30ملیۆن کورد لە چەند ناوچەیەکی جیاجیا دەژین ، ئەم ناوچانە لە تورکیاوە دریژە دەکێشن تا دەگەنە سووریا و عێراق و ئێران. ئەوان لە رووی ئینتیمای هزری و ئایدیۆلۆژیەوە جیاواز و هەمەڕەنگن ، لە نێویاندا بێ ئاین و عەلەوی و کرستیان و جولەکە و یەزیدی و مەجوسی و سوننە و شیعە هەن و دوای چەندین هەڵمەتی چەوساندنەوە و جینۆساید و کوشتنی بە کۆمەڵ ، ژمارەیەکی زۆریان رووبان کردە ئەوروپا.

سالّی 1916 ،تەنانەت بەر لە دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی لە نێوان بەریتانیای مەزن و فەرەنسا دابەش کرد و لەمەشدا بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی را و بۆچوونی گرووپە ئەتنی و ئایینیەکان نەکرا و لەو نێوەندەشدا کورد هیچی پێ نەبڕا ، بەڵام لە سالّی 1920 پەیماننامەی سیڤەر سەری هەڵدا و بەگوێرەی مادەی 62 سەربەخۆیی بە کورد بەخشرا، هەروەها مادەی 64ی هەمان پەیماننامە پێشەکیەک بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی چاوەڕوانکراو، ئینجا لە سالّی 1923پەیماننامەی لۆزان هاتە پێش بۆ ئەوەی هەموو هیوا و ئامانجەکانی کورد لەبار ببات و جارێکی دیکە بیانگێڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا. سەبارەت بە کەمەنەتەوە پشتگوێخراو و چەوسێنراوەکان ، ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی تاکە ڕێگەچارەن ، بە تایبەتیش بۆ گەلێکی گەورەی وەک کورد. دامەزراندنی دەوڵەت زامنی یەکەمی دابینکردنی ئاسایش و پاراستنیانە لە چەوساندنەوە ، هەروەها هۆکاری سەرەکی پاراستنی زمان و ئاین و ئازادی ئەوانە.

دەبێ بزانین کە لە شەڕی داعش و ڕێکخراوە تیرۆرستیەکانی تردا کورد تاکە هاوپەیمانی بەهێزی ڕۆژئاوا بوون.

تێکدانی سەقامگیریی ناوچەکە

ئەوانە هەڵەن کە خۆیان لەو بیرۆکەیە دەدزنەوە کە دەڵێ: سەربەخۆیی کورد لە کۆتاییدا دەبێتە مایەی خولقاندنی ناسەقامگیریی زیاتر لە ناوچەکە. بۆیە ئەو ڕۆژئاوایەی کە تا ئێستا جگە لە متمانە و پشتگیری هیچی تری لە کورد نەبینیوە ، نابێ بەم جۆرە پڕوپاگەندانە هەڵبخەڵەتێ،دەبێ بزانین کە لە شەڕی داعش و ڕێکخراوە تیرۆرستیەکانی تردا کورد تاکە هاوپەیمانی بەهێزی ڕۆژئاوا بوون ، هەرێمی کوردستانی عیراقیش گونجاوترین نمونەیە بۆ ئەگەری سەربەخۆبوونی کورد بەبێ خولقاندنی ناسەقامگیری و نائارامی زیاتر. جگە لەوە، زۆربەی وڵاتانی دەوروبەر بەدەستی چەندین کێشە و ململانێوە دەنااڵێن و هیچ کاتێک کورد بەشێکی ئەم بارودۆخە نەبوون ، تورکیا بەناوی ئاینەوە گرفتی زۆری هەیە و سووریاش نغرۆی شەڕی ناوخۆیی بووە و عیراقیش دەوڵەتێکی پەرتەوازەیە و ئێرانیش بە هەمان شێوە گرفتی زۆری تێدایە. لێرەوە ، دەوڵەتی کوردی یان ئەو ناوچە کوردیانەی خاوەنی ئۆتۆنۆمین نابنە هۆی تێکدانی سەقامگیری ناوچەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، ئەمە دەبێتە دەرفەتێک بۆ هێنانەدی سەقامگیریی. کوردانی ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان دەریانخست کە توانای بونیادنانی پێگەی دیموکراسی و بەهێزکردنی مافی کەمینەکان و یەکسانی و مافەکانی ئافرەتانیان هەیە.

دەرکەوت ئەو زمانەی ئەورووپا دەربارەی خەباتکردن لە پێناوی هێنانەدی و چەسپاندنی بنەماکان و ئەخلاق بەکاری دێنێ ، هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە بە تایبەتی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کورد.

دۆزی کورد و خیانەتی ڕۆژئاوا


دوای ئەو هەڵوێستە مەردانەی کورد لە ڕووبەڕووبونەوەی داعش لە عیراق و سووریا پیشانیان دا، ئەوەبوو لە پرۆسەی شکستپێهێنانی گرووپە تیرۆرستیەکاندا کورده شەڕکەرەکان ڕۆڵی هەرە کاریگەریان هەبوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژئاوا بە گشتی بووە مایەی بێ ئومێدی بۆ ئەوان ، بینیمان چۆن واشنتۆن لە سووریا بە تەنیا بەجێی هێشتن و بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک یان پاراستنیان لە رژێمی ئەسەد یان تورکیا بڕیاری کشانەوەی دا. یەکێتی ئەوروپاش بە هەمان شێوە پشتی لە کوردانی ڕۆژئاوا کرد کاتێک تورکیا وەک گوشارێک پەنای بردە بەر بەکارهێنانی بابەتی پەنابەران. لە کۆتاییدا دەرکەوت ئەو زمانەی ئەورووپا دەربارەی خەباتکردن لە پێناوی هێنانەدی و چەسپاندنی بنەماکان و ئەخلاق بەکاری دێنێ ، هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نیە بە تایبەتی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کورد.



مانشێت



سکای نیوز:
لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیسرائیلدا کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر ئەنجام درا، پارتی لیکۆد بە سەرۆکایەتی بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆکوەزیران سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا.



ئەی ئێف پی:
دۆنالّد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا رایگەیاند ئەو هەڵبژاردنە بەراییانەی کە دیموکراتەکان بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجامی دەدەن ساختەکاری تێدا کراوە.



ئیلاف:
تەنیا دوو ڕۆژ دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئەمەریکا، بزووتنەوەی تالّیبان رایگەیاند کە دەست بە شەڕ دەکاتەوە.



ڕۆیتەرز:
وتەبێژی حکوومەتی یۆنان هەموو ئەو هەواڵانەی ڕەتکردنەوە کە باسیان لەوە کردبوو گوایە سوپا و پۆلیس لەسەر سنوور تەقەیان لەو کۆچبەرانە کردووە کە ویستویانە سنورەکان ببەزێنن.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ئەنجیلا میرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا سەبارەت بە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر پەنابەران ڕەخنەی توندی ئاراستەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کرد.



کەنالّی ئار تی:
چەند شارەزایەکی بواری سەربازی ڕایانگەیاند لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا کۆریای باکوور مووشەکێکی نوێ و درێژمەودای تاقی کردۆتەوە.

وەرزی سەیران یان وەرزی سروشت تێکدان!



نادر روستی

لە وەرزی بەهار کەش دەگۆڕێت و زەویی بەرگێکی سەوز دەپۆشێ، ئەمەش سەرنجمان رادەکێشێت بۆ ئەوەی چەند ساتێکی پڕ لە شادی و خۆشی لەم کەش و دیمەنە جوانە بەسەر ببەین، بەڵام سروشت هەر ئەوەندە جوانە تاکو مرۆڤ پێی نەگەیشتووە و دەسکاری نەکردووە، بەتایبەت ئەو مرۆڤانەی ئاستی هۆشیاریان نزمە و تەنیا بەدوای بەرژەوەندی و خۆشی و چێژی تایبەت بەخۆیان دەگەڕێن و لە پێناو ساتێکی خۆشیاندا هەموو یاسایەکی سروشت و مرۆڤایەتی ژێر پێیان دەخەن.

لە لای هەندێک لە هاوڵاتیان ئەمڕۆ کار بەوە گەیشتووە کە گوتمان با بۆ سەیران بچین، وەک ئەوەیە بڵێین با بۆ وێران کردنی سروشت بچین، سروشت ئەگەر زمانی هەبوایە لێمان دەهاتە زمان و ناڕەزایی دەگەیاندە ئاسمان و سکاڵای لە هەموو دادگاکانی خودا و داگاکانی مرۆڤایەتی تۆمار دەکرد، ئەگەر هێز و دەسەڵاتی هەبووایە ئەوە دەیان کیلۆمەتر فڕێیدەداینە دەرەوە و قبولی نەدەکرد لە ناویدا گوزەر بکەین و لەناویدا سەیران بکەین.

بەهار و نەورۆز بە خەندەوە پێشوازیمان دەکەن، بەڵام ئێمە بە دەستی پڕ لە خاشاک و زبڵ، بە دەستی پڕ لە پلاستیک و قوتی و پاشماوە، بە دەستی پڕ لە ئاگر ڕووی تێدەکەین، تێکیدەدەین و دەیسووتێنین، ئێمە بە چادری ڕەنگاورەنگ و سەیارەی تایە پان ڕووبەڕووی دەبینەوە و سەوزایەکەی پان دەکەینەوە، ئێمە بەرد لە جوانییەکانی و لە ئاوە سازگارەکانی دەگرین، ئێمە لقی دارە سەوز و پڕ لە سێبەرەکانی دەشکێنین و دەیسوتێنین، ئێمە شادی و خۆشییەکان بۆ خۆمان هەڵدەبژێرین و مەرگ بۆ سروشت و بۆ ئەوەی بەرامبەرمان.

ئەوەی دەریدەبڕم نە پەخشانە و نە شیعرە، ئەمە واقیع و ڕەوشی زیندووی زۆربەی ڕۆژانی سەیران و سەیرانگاکانی ئێمەیە. مافی مرۆڤە سوود لە سروشت وەربگرێت و خۆشی و چێژ لە دیمەنە جوانەکانی وەربگرێت، بەڵام ئەرکی سەرشانی هەمان مرۆڤە ژینگە نەشێوێنێت و تێکینەدات، ئەگەر خزمەتیشی نەکات تەنیا پیسی نەکات، بەڵام لە ڕاستیدا کە سروشت خزمەتمان دەکات پێویستە خزمەتی سروشت و ژینگە بکەین و لە وێران کردن و لە تێکدان بپارێزین. ئەرکی مرۆڤە کار بەوە نەگەیەنێت لە یاسای سروشت و خوا و مرۆڤ لانەدات. ئەوەی سالانە دیبینین لادانە لە هەموو یاسایەک و دوژمنایەتی مرۆڤایەتییە. داری سێبەر بۆ سێبەر و دانیشتنە، فریز و چیمەن و سەوزایی سروشتی بۆ سەیرکردن و دانیشتنە، دەغل ودان و باخچە و شینای بۆ خواردن و بەکارهێنانە، بەڵام بەداخەوە کە لە کاتی سەیران کردن هەموو پێچەوانە دەکەینەوە. هیوادارم ئەم ساڵ پەند لە زیانەکانی ڤایرۆسە پیسەکە وەربگرین و خۆمان و سروشتمان پاک ڕابگرین و دورکەوینەوە لە ڕەوشتی سالانی پیشوتر، هیوادارم هەموومان ڕێنمایەکانی وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەکانی حکومەت بەهەند وەربگرین و بەپێی ڕێنمایی مامەلە لەگەڵ ژیان و ژینگە بکەین.

بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ڕێنمایی بە شوێنەکانی گەشتیاری دەدات و هاتنی گەشتیار و چالاکییەکانی ڕاگرتووە

دەستەی گشتی گەشتوگوزار بۆ وەرزی بەهار پلانی هەبوو کە لە ڕێگەی ژمارەیەک چالاکی سەرنجی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان ڕابکێشێت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی نەخوازراو کە بەهۆی ڤایرۆس کۆرۆنا هاتەپێشەوە و ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە و مەترسی لەسەر زۆر وڵاتیش دروست کرد و بووە هۆی ڕاگرتنی گەشتی گەشتیاران لە نیوان زۆربەی وڵاتانی جیهان. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ پاراستنی هاوواڵتییانی چەند ڕێوشوێنێکی گرتەبەر، لە دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بریاردرا کە هاتنی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان سنووردار بکرێ. لە ژێر ئەم ڕۆشنایە دەستەی گشتی گەشتوگوزار ڕێوشوێنی پێویستی بۆ ڕاگرتنی هاتنی گروپی گەشتیاران گرتەبەر، دواتر ژمارەیەک ڕێنمایی بۆ شوێنەکانی گەشتیاری دەرچوون کە ئەمانە خوارەوە ناوەڕۆکی ڕینماییەکانە.

ڕێنمایی تایبەت بە کافتریا و ریستۆرانت و بار و فاسفود

1- دانانی ڕێنماییەکانی دەرچوو لە وەزارەتی تەندروستی دەربارەی چۆنیەتی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

2- قەدەغەکردنی کێشانی جگەرە و نێرگلە بە هەموو شێوازەکانی.

3- ڕاگرتنی ئاهەنگ لە هەموو شوێنەکانی گەشتیاری (جگە لە ئاهەنگی خێزانی).

4- کەمکردنەوەی ژمارەی مێز بە شێوازێک کە نیوانی دوو مێز 3م کەمتر نەبێت.

5- کەمکردنەوەی ژمارەی کورسی بۆ هەر مێزێک بە شێوازێک کە نێوانیان گونجاو بێت.

6- بەکارهێنانی پێداویستی سەفەری لە جیاتی شوشە و پلاستیک بەتایبەت بۆ خواردنەوەکان.

7- پۆشینی سەرمێزەکان و گۆڕینی سەرپۆشەکان بەشێوەی بەردەوام.

8- زیادکردنی ئامێری هەواگۆڕکێ (ساحیبە).

9- کردنەوەی دەرگا و پەنجەرەکان بەشێوەی بەردەوام.

10- دانانی پیداویستی پاکردنەوە (تعقیم) جەلی و شلە و دیتۆل لە دەستشۆرەکان.

11- پاککردنەوەی ڕۆژانەی سەرجەم جێگاکانی ناو شوێنەکانی گەشتیاری.

12- پاکراگرتنی تەوالێت و دەستشۆرەکان دانانی کارمەندێک بۆ تەعقیم کردنی بەردەوام.


13- کەمکردنەوەی ماوەی کردنەوەی کافتریاکان، بەپێی پێویستی بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکەی کارگیری.

14- کەمکردنەوەی ماوە بارەکان بەپێی پێویستی ناوچەکان بە هەماهەنگی یەکەی کارگێڕی.

دەستەی گشتی گەشتوگوزار

ڤایرۆسی کۆرۆنا بە دەیان ملیار دۆلار زیانی بە گەشتوگوزاری جیهان گەیاندووە





ئا/ لاپەڕەی گەشتوگوزار

ئەنجومەنی گەشتوگوزار و گەشتی جیهانی مەترسی بڵاوبوونەوە و زیانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەخاتەڕوو کە بە 22ملیار دۆلار مەزندەی کردووە.

ئەنجومەن بە هاوکاری ڕێکخراوی ئێکسفۆرد ئیکۆنۆمیک لەسەر ئەزموونی پیشووتری لە گەڵ نەخۆشی و ڤایرۆسەکان، مەزندەی کردووە کە زیانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە 22ملیار دۆلار تێدەپەڕیت.

ڕۆژنامەی ئیلمۆندۆی ئیسپانی لەسەر زاری سەرۆکی ئەنجومەن گلۆریا گیڤارا نووسیویەتی کە وڵاتی چین زۆرترین زیانی لەرووی گەشتیاری بەرکەوتووە، چونکە داهاتی نیشتمانی چین لە 11%ی کۆی داهاتی نیشتمانی لەسەر گەشتوگوزار بووە، هەروەها ئەو وڵاتانەی پشت بەگەشتیارانی چین دەبەستن و گەشتیارانی چین سەردانیان دەکەن، مەترسی زۆریان لەسەرە و ئەوانیش زیانی زۆریان بەرکەوتووە بە تایبەت تایلەند و ماکوا و کەمبۆدیا و فلیپین.

شارەزایانی ڕێکخراوی ئێکسفۆرد ئیکۆنۆمیک دەڵێن: ئەو 22ملیار دۆلارەی وەک زیان بۆ کەرتی گەشتیاری خەملیندراوە تەنیا خەملاندنە، بەڵام ئەگەر ڤایرۆسەکە بەردەوام بێت لە بڵاوبوونەوەی زیاتر، ئەوە زیانەکانی بۆ سەر کەرتی گەشتیاری زۆر زیاتر دەبن.

سەرۆکی ئەنجومەن گلۆریا گیڤارا ئاماژەی بەوەش داوە کە 22ملیار دۆلار لەگەڵ ئەو خەرجییانەی کە گەشتیارانی چین دەیکەن زیانەکان زۆر زیاتر دەکات، مەزندەی ئەم بڕە زیانەش لە ئەزموونی پیشتر هەمانە لەسەر زیانەکانی ئەنفلۆنزای بەراز و لەسەر ڤایرۆسی سارس، بۆ نموونە ڤایرۆسی سارس لە ساڵی 2003زیاتر لە 73ملیار دۆلار زیانی بە کەرتی گەشتیاری گەیاند.

هەروەها گیڤارا دەڵێت: کۆرۆنا کاریگەریەکی ئابووری دریژخایەن لەسەر جولەی گەشتیاری دادەنێت و زیانەکانی زۆرتر دەبن، بە تایبەت ئەو ترسەی کە بۆتە هۆکار بۆ داخستنی فڕۆکەخانەکان و نەهێشتنی گەشت و داخستنی سنوورەکان کاری گەری زۆر و زیانی زۆر زیاتری لە خودی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە.

گیڤارا پێشتر وەزیری گەشتوگوزاری مەکسیک بووە و ڕۆڵی زۆری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی مەترسی و زیانەکانی ئەنفلۆنزای ئیچ 1ئین 1کە بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجومەنی گەشت و گەشتوگوزاری جیهانی کە بارەگاکەی لە لەندنە، زیانی زۆری لە ئابووری جیهان دا کە مەزندە کرا بە 55 ملیار دۆلار. لە ساڵی 2003بە هۆی ڤایرۆسی سارس وڵاتی چین لە 25% داهاتی گەشتیاری کەمبووەوە و نزیکەی 3ملیۆن هەلی کاری لە دەست چوو.

ئەم ساڵیش گەورەترین پیشانگەی گەشتیاری جیهان بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگیرا، کریستان گۆکە بەڕێوەبەری پێشانگەی بەرلین ITB Berlin ڕاگەیاند کە ئەمساڵ پێشانگەکە بە هۆی مەترسیەکانی کۆرۆنا ڕادەگرن، کە 10 هەزار ستاندی هەیە و زیاتر لە 180وڵات ساڵانە بەشداری دەکەن.

سەرچاوەی زانیارییەکان:

http://newsabah.com/newspaper/233706

http://www.aleqt.com/2020/01/24/article_1751296.html

گراندماستەرێکی رووسی باس لە سەردانەکەی بۆ هەولێر دەکات

ئەناستاسیا ساڤینا: هەولێر شارێکی ئارام و خەڵکەکی ڕووخۆش بوون لەگەڵمان



هاوار مورتکەیی

ئەناستاسیا ساڤینا یەک لەو خانمە شەترەنجزانە ڕووسیانە بوو کە بەشداری دووەمین فیستیڤاڵی نیودەوڵەتی شەترەنجی کوردستانی کرد، کە بەر لە 7 ساڵ لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، ئێستا ساڤینا هەڵگری بڕوانامەی گراندماستەری شەترەنجە، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات لەپەیوەندییەکدا لەگەڵی لێدوانێکی سەبارەت بەو سەردانەی بۆ شاری هەولێر لی وەرگرت.

ساڤینای تەمەن 28 ساڵ لەبارەی چۆنێتی بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتییەکە گوتی: خۆشحاڵبووم کە ساڵی 2013 بەشداری دووەمین فیستیڤاڵی شەترەنجم کرد لە هەولێر، یادگارییەکی جوان بوو بۆ من، لە ڕووی گرنگیی پاڵەوانێتییەکە و هەروەها ریکخستن، شوینی یارییەکە زۆر گونجاو و ئارام بوو، هەروەها شوێنی مانەوەشمان لە هوتێل باش بوو، هەروەها گوتی: ڕۆژێ لەڕۆژەکانی مانەوەم ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا کە سەردانی شوێنەوارە کۆنەکانی هەولێر بکەین، کە بەڵامەوە زۆر جێی بایەخ بوو.

دواتر ساڤینا کە ئێستا خاوەن ریتینگی 2229ی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە گوتی: شتێک کە حەزدەکەم ئاماژەی بۆ بکەم، هەولێر شارێکی زۆر ئارام بوو، هەروەها خەڵکەکەشی زۆر خۆشەویست و ڕووخۆش بوون لەگەڵمان، بەڕاستی لەوی کاتێکی خۆشم بەسەربرد، هیوادارم ئەو فیستیڤاڵە لە هەولێر بەردەوامی هەبێت و سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هاوکارمان بوون لە ڕۆژانی مانەوەمان لە هەولێر.



ستێرلینگ: کچەکەم دەیەوێت بە گۆرانییەکانی لیڤەرپوول تووڕەم بکات



ڕەحیم ستێرلینگی یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی ئاماژە بە ژیانی تایبەتی خۆی و خێزانەکەی دەکات و دەڵێت کچەکم هەیە زۆر گاڵتەجارییە و هەموو جار بۆ تووڕەکردنی من گۆرانییەکانی جەماوەری لیڤەرپوول دەڵێتەوە، بەڵام نایشارمەوە کچەکەم لیڤەرپوولیشی خۆش دەوێت.

هەروەها ستێرلینگ دەڵێت: کچەکەم نحەمەد سەلاح و یاریزانەکانی دیکەی لیڤەرپوولی خۆش دەوێت، هەرکاتێک دەمبینێت گۆرانی بەسەر محەمەد سەلاح دەڵێت و بەپێکەنینەوە سەیرم دەکات و دەیەوێت تووڕەم بکات.

ڕامۆس: پەندمان لە یارییەکەی مان ستی وەرگرت



سێرجیۆ ڕامۆس، کاپتنی یانەی ڕیال مەدرید، دڵخۆشی خۆی بەو بردنەوەیە بە نرخە لە یاری کلاسیکۆدا، بە دوو گۆڵی خاوێن، لە ڕکابەری هەمیشەیی یانەی بەرشلۆنە دەربڕی، کە لە چوارچێوەی گەڕی 26یارییەکانی خولی ئیسپانیا بەڕێوەچوو. ڕامۆس دوای یارییەکە لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی مارکا دا و وتی: لە کۆتایی گێمی یەکەمدا، زۆر تۆپمان بۆ بەرشلۆنە جێهێشت، بەڵام لە گێمی دووەمدا، بڕیارمان دا ئەو شتە بگۆڕین، ناشزانم گۆڕینەکە بەرەو باشتر بوو یان خراپتر. وتیشی: ئەوان کۆنترۆڵی تۆپیان کرد و هیچ دەرفەتێکی گۆڵ تۆمارکردنیان نەخولقاند، پاشان ئێمە بڕیارماندا فشاریان بخەینە سەر و تۆپیان لێ وەرگرین، بۆیە دەستمان بە خولقاندنی دەرفەت کرد و توانیشمان گۆڵ تۆمار بکەین، دواتر نەکشاینەوە، بەڵکو لە چوونە پێشەوە و کوشتنی یارییەکە بەردەوام بووین، هەر ئەوەشمان کرد. هەروەها لە بارەی دۆڕان بەرامبەر مانچستەر ستی وتی: دوای هەڵەکردن پەند وەردەگرێت، پێوستە بوو لەسەرمان پەند لەو یارییە وەرگرین و ڕەخنە لە خۆمان بگرین، ئەوەشمان لە یاری کلاسیکۆدا دەرخست. لە کۆتاییشدا لە بارەی ئاستی مێسی لە کلاسیکۆدا وتی: بە ئاستی جارانی خۆی دەرنەکەوت، ئەو بەردەوام شتی چاوەڕان نەکراو دەکات، بۆیە دەبێت بەردەوام وریای بیت، ئێمە زۆر چاومان خستبووە سەری و ڕووبەرمان لە بەردەمی نەهێشتبووەیەوە.

ڕەمزی میرەکانی

ڤان دایک: کە دۆڕاین پێویست بەو هەڵایە ناکات



ڤیرگل ڤان دایکی بەرگریکاری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی دوای دۆڕانەکەیان بەرامبەر واتفۆرد بە ئەنجامی 3-0، پەیامێکی بەهێزی ئاراستەی یاریزانانی ریدز کرد.

ڤان دایک لە پەیامەکەیدا بۆ یاریزانانی لیڤەر گوتی: پیرۆزبایی لە یاریزانانی واتفۆرد دەکەم، ئەوان یارییەکی جوانیان کرد و تیپێکی ڕووکخراون، هەروەها گوتی: پێویستە بەخۆمان دابچینەوە، ڕاستە دۆڕاندمان، بەڵام هیچ پێویست بەو هەڵایە ناکات، لەسەرمان پیویستە ئەو یارییانەی کە ماون دەبێ بیانبەینەوە.

ئەستێرەیەکی تۆتینهام دەخرێتە ژێر پشکنینی کۆرۆناوە



بڕیارە مین سۆنی هێرشبەری یانەی تۆتینهامی ئینگلیزی بۆ ماوەیەکی کاتی لە یاریگاکان دوور بکەوێتەوە، بەتایبەتیش دوای گەڕانەوەی لە کۆریای باشوور مە ڕووبەڕووی گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە دەبێت کە لە فڕۆکەخانەی لەندەن بەرامبەری ئەنجام دەدریت ئەویش لەبەر مەترسی گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

هەفتەی ڕابردوو ئەو یاریزانە کۆرییە دووچاری پێکان بوو، بەمەبەستی چارەسەریش گەڕایەوە وڵاتەکەی و بڕیارە بەمنزیکانە بگەڕێتەوە ئینگلتەرا.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed.4. Mar. 2020 No: (5946)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

باس لە بەسەرهاتی منداڵێکی هەژار دەکات

(ئادەم) تازەترین کورتە فیلمی عێراقییە



خەبات: سەربەست برزۆ

تازەترین کورتە فیلم لەبەغدای پایتەخی عێراق لەژێر ناوی ئادەم هاتە بەرهەم.

ئادەم باس لە بەسەرهاتی منداڵێکی هەژار دەکات کە ڕۆژانە لەسەر شەقامەکانی بەغدا دەستگێڕی دەکات و کلێنکس دەفرۆشێ بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی پەیدا بکات، جارێکیان ئادەم لەناو قەرەباڵغی ئۆتومبیلەکانەوە گوێی لە دەنگێکی بەزز دەبێت کە چەند قوتابییەک لەناو ئۆتۆمبیلەکەیان سەعی دەکەن، هەنگاو بە هەنگاو ئادەم بدویان دەکەوێ تا دەگەنە قوتابخانەکەیان، ئادەم دەیەوێ بچێتە ژوورەوە بۆ نێو قوتابخانەکە، بەڵام پاسەوانی قوتابخانەکە ڕێگای نادات بچێتە نێو قوتابخانەکەوە، ئەمیش هەر تەماشای پۆلەکان و گۆڕەپانی نێو قوتابخانەکە دەکات، هەرچۆنێک بێت خۆێ دەدزێتەوە و دەچێتە نێو قوتابخانەکەوە و خۆی لە پۆلەکان نزیک دەکاتەوە و ئەوکاتانەی دەکەوێتە بیر کە لە قوتابخانە بووە و خوێندوویەتی، ئالەوکاتەدا گوێی لە مامۆستایەک دەبێ کە بەدەنگی بەرز پرسیار بۆ قوتابییەکانی دەڵێتەوە بۆ تاقیکردنەوە، ئادەمیش پارچە کاغەزێک لەنێو خۆڵ و خاشاکی نێو گۆڕەپانی قوتابخانەکە دەبینێتەوە و دەیەوێ وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستاکە بنووسێ، لەوکاتە قوتابییەک دەبینێ و کاغەز و قەڵەمی لەپەنجەرەی پۆلەکەوە بۆ دەخاتە ئەودیوا و ئادەمیش وڵامی پرسیارەکان دەنووسێ و لەو کاتە مامۆستایە تەماشای دەکات، کە مامۆستاکە نزیک دەبێتەوە دەبینی وڵامی پرسیاری نوسیووە و کە دەچێتە لای ئەو مامۆستایەی کە پرسیارەکانی نوسیووە دەبینێ وڵامەکانی نایابن، ئا لەوکاتەدا لێی دەپرسێ ئەوەندە زیرەکی بۆ لە قوتابخانە نیت . ئادەم بەیەک ڕستە وڵامی مامۆستاکە دەداتەوە کە دەڵێت هەژاری لە مرۆڤ بەهێزترە.

کورتە فیلمی ئادەم بیرۆکەی عەلی بسرۆڵی و دەرهێنانی عەباس مەکی ئەلعەبودیە و سیناریۆی لەیس هاشم و بەرهەمی (سنتر فن) بۆ سینەما و شانۆیە، ماوەی فیلمەکە (7) دەقیقەیە و مستەفا خالدی ڕۆڵی ئادەم دەبینێ.

سەرجەم ئەو سروود و گۆرانییە نەتەوەییانە لەخۆدەگرێت کە بۆ نیشتمان و بەرخودان گوتوویەتی

حەسەن شەریف کۆبەرهەمی (ئاوازێن شۆڕەشێ)ی بڵاوکردەوە



خەبات:تریفە ئازاد

هونەرمەندی دەنگخۆش (حەسەن شەریف) بەرهەمە نیشتمانی و نەتەوەیەکانی خۆی کۆکردەوە پێشکەش بە هەوادارانی کرد(حەسەن شەریف) ئەلبومێکی گۆرانی و ئاوازی بە ناوی (ئاوازێن شۆڕەشێ)،کە ئەلبومێکی تازەیە بڵاو کردووە، ئەم بەرهەمەی هونەرمەند (حەسەن شەریف) (28) تراک لە خۆ دەگرێت لە سەرجەم ئەو سرودو گۆرانییە نەتەوەیانەیە کە بۆ نیشتیمان و بەرخودانی کوردایەتی گوتویەتی،لەسەر دەمی خەباتی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی کە ئاوازی سەرکەوتنی بۆ شۆڕش چریووە ئەم بەرهەمە بە سپۆنسەریی لاوی هونەردۆست (زیندان موسا ئۆرەیی) و دیزاینکردنی بەرگەکەی لە لایەن نووسەر و ڕۆژنامەڤان (عیسا بۆتانی) و تەکنیکی دەنگ و ریکۆرد و چاپ هونەرمەندی ناودار (هاروون ئاتامان). کاریان لێکردووە.حەسەن شەریف وەک هونەرمەندێک لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی هەڵوێستی کوردانە و نشتیمانپەروەرانەی خۆیەوە، کە هەمیشە لە ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوەکان گۆرانی شۆڕشگێڕی دەگوتەوە ئەو هەمیشە بە دەنگە زوڵاڵەکەی لە خەباتی کوردایەتی و هاندانی پێشمەرگە بەردەوام بووە خەباتی کوردانەیی کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەی.

ئەڵمانیا.. فیلمی پارالێل نمایش کرا

شەوقی کانەبی: فلیمەکە چیرۆکی کوڕە کوردێک دەگێڕێتەوە



خەبات: بەرهەم شێخ عزەدین

فیلمی پارالێل لە بەرهەم هێنانی شەوقی کانەبی، دەرهێنانی جوان عەبدۆ، وێنەگرتنی ئیڤان میخا، ستافێکی دیکەش ڕۆڵیان تیا بینیووە، ڕۆڵی سەرەکی کچێکی ئەڵمانە بەناوی(پیا) وە (کامەران) یش کوڕێکی کورد لەگەڵ کچە ئەڵمانەکە بەیەکەوە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لەکۆنترین و بەناوبانگترین سینەمای بەرلین(بابیلۆن) نمایشکرا.

دەرهێنەری ئەوکورتە فلیمە لەئەڵمانیاوە بەخەباتی گوت: ئەم فلیمە ماوەکەی 27 خولەکە واتا کورتە فلیمە، باسی کوڕە کوردێک دەکات، لە بەرلین کچێکی ئەڵمان دەناسێت و داوەتی قاوە خواردنەوەی دەکات؛ ئەو دانیشتنیەیان دەبێتە دەرفەتێک بۆ گفتوگۆ لەبارەی شەڕ و خۆشەویستی و جیاوازی کولتووری، لە کۆتایشدا هەریەکەو بەڕێگای خۆیدا دەڕوات.



دیانا کەرەزون

ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت

هەمزە سەرحان

خانمە گۆرانیبێژی ئوردنی، دیانا کەرەزون ئەڵقەی هاوسەرگیری لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک گۆڕیەوە، بەمزووانە ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنن.دیانا کەرەزون، کە ماوەی چەند ساڵێکە لەبواری هونەری کاردەکات، ئەڵقەی هاوسەرگیری لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئەردەنی، موعاز عومری گۆڕیەوە، هاوکات زین کەرەزون، خوشکی هونەرمەندی ناوبراو وێنەی ئاهەنگەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاوکردەوە.دیانا لەدایکبوی ساڵی 1983 باوکی میوزیکژەن بووە و دایکی کوردە و خەڵکی کوردستانی ڕۆژئاوایە، یەکێکە لە گۆرانیبێژ و ئەکتەرە ناسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوراست، لە ساڵی 2003دەستی بە کاری هونەری کردوە، بەهۆی گۆرانی وتنەوە ناوبانگێکی زۆری پەیداکردووە، هاوکات بەشداری لە چەندین فیلم و دراما کردووە.

